زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

03

# عبدالرحمنی کوڕی عەوف

حبيب محمد سعيد

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دائلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

٣

زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

# عبدالرحمن ی کوڕی عەوف

نوسینی

حبیب محمد سعید

# عبدالرحمن ی کوڕی عەوف


| | |
|---|---|
| نوسینــــــــــی | حبیب محمد سعید |
| بــڵاوکـردنــەوەی | نوسینگەی تەفسیر - کتێبخانەی سۆز |
| نــەخشــەســازی | ئەمین مخلص |
| بــــــــــــەرگ | ئەمین مخلص |
| خــــــــــــە ت | نــەوزاد کۆیــی |
| نۆرە و ساڵی چاپ | سێیەم ١٤٣٥ ك - ٢٠١٤ ز |
| تــــــــــیراژ | ٢٠٠٠ دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپاردنی (١٨٨١) ساڵی ٢٠١٣ پێدراوە



©
مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە


---


نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
Mob: +964 750 460 51 22
Tel: +964 750 818 08 66
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

خوای پەروەردگارمان ! سوپاسی بێپایانت
ئەکەین وا خۆشەویستیی تاقە پێشەوای
مرۆڤایەتیی و هاوەڵە دڵسۆزە
بەغیرەتەکانیت پێ بەخشیوین ، تا
بەشکوم بە شوێن پێ هەڵ گرتنیان لە
رێبازی ئیمان شارەزا ببین و، بە کۆمەکیی
و پشتیوانیی خۆت بکەوینە گەل کاروانی
سەرفرازبووانی بازاری قیامەت .

# پێشکەش

پێشکەش بێت

بەو موسڵمانە خوێن گەرمانەی کە

سەروماڵیان :

* لە پێناوی ئیسلام دا ..

* لە پێناوی ڕێبازی قورئان دا ..

* لە پێناوی پاك کردنەوەی سەرزەوی لە ستەم و ستەمکاران ..

* لە پێناوی ڕزگاریی ئادەمیزاددا..

بەخت ئەکەن

# پێشەکیی

الحمد الله رب العالمين والصلاة والسلام على سيد المرسلين محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ..

منتدى اقرأ الثقافي

هەموو مرۆڤێك بە پێی خۆی و بە پێی شان هەڵگرتنی، خوای گەورە لە بەخششی خۆی بەشی داوە ، بەڵام هەر کەسە لە بەهرەیەك یا لە چەند بەهرەیەك دا دەستی باڵای داوەتێ .. یا ئازایەتیی و چاونەترسیی، یا زیرەکیی و لێهاتوویی ، یا سامان و دەوڵەمەندیی ، یا هەر شتێکی تر.. جا خاوەن بیروهۆشەکان هەوڵ ئەدەن ئەم بەهرانە بە جۆرێك و بە رێگایەك بەکار بهێنن تا خوای گەورە لە خۆیان رازیی بکەن و بەختەوەریی هەردوو جیهانیان دەست بکەوێ .. بەڵام شوێن کەوتوانی شەیتان بە پێچەوانەوە !

سامانیش ، وەك بەخششەکانی تر ، دەستێکی باڵای هەیە لە بەرز و نزم کردنەوەی پلەی خاوەنەکەیدا .. خاوەنەکەی بە ویست و ئارەزووی خۆی ئەتوانێ بۆ مەبەستی خۆی بەکاری بهێنێ .. بۆیە سامانی وا هەیە مایەی سەربەرزیی هەردوو جیهانە بۆ خاوەنەکەی و هەشە بە پێچەوانەوە ، بەڵام هەموویشی بە دەستی خاوەنەکەیەتی .

خۆ ئەگەر سەرنجی قورئانی پیرۆز بدەین ، بۆمان دەرئەکەوێ کە هۆی گومڕابوون و تیاچوونی قاروون ، سامانەکەی بوو ، ئەو سامانە زۆرە لە جیاتیی ئەوەی پیاوەتیی و مەردیی بۆ بە دەست بهێنێ ، کردیە هاوەڵی فیرعەون کە داوای خوایەتیی ئەکرد ، فیرعەون بەو هەموو ستەم و ناڕەواییەوە ، قاروونیش تاوانی تەنها خراپ بەکارهێنانی سامانەکەی بوو ، کەچیی قورئان پێکەوە ناویان ئەبات ..

ئەوانەی سەروماڵیان خۆش ئەوێ و بە ترس و لەرزەوە شەو و رۆژ تەواو ئەکەن ، ئەوە هیچ ژیانێکە ئەوانە ئەیبەنە سەر . ئەگەر خەڵك تاقە جارێك بمرێ ئەوان هەموو رۆژێك .. خەڵکی تر ئەگەر سامانەکەی جارێ تیا بچێ ، ئەوان لە ترس و لەرزی خۆیان دا وەك ئەوە وایە هەر هیچیان نەبێت ..

سەروماڵ بەخت کردن لە پێناوی بیروباوەڕی راست دا سەربەرزیی هەردوو جیهان بە مرۆڤ ئەبەخشێ .. ئەها چاو نەترسیی حەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێ بە چ پایەیەکی گەیاند ؟ یان کۆڵنەدانی بیلال خوا لێی رازیی بێ چ پلە و پایەیەکی پێ بەخشیی؟ هەروەها هەموو کۆڵنەدەرێکی رێگای رزگاریی راستەقینە.

جا ئەوانەی کە سامانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئیسلام تەرخان ئەکەن، تەنها ئەوانە خاوەنی راستەقینەی سامانن، چونکە کەسانی تر خزمەتکاری سامانن تا لە دوارۆژدا گرانترین لێ پرسینەوە لەسەری بێتە رێیان .. چەندەها دەوڵەمەند لە مەککەدا هەبوون، ئایا ئەوانەیان کە

دلّیــان نــەهات لــە پێنــاوی خــوادا بــەختی بکــەن ، توانییــان وەك ئەبوبەکر و عوثــمان خوا لێیان رازیی بێت سەربەرزیی هــەردوو جیهــانی پیێ بکرِن ؟

هیوادارین خوای گەورە دڵمان گوشاد بکات تا بتوانین سەروماڵمان بە هەرزان بخەینە خزمەتی ئیسلامەوە .

ئیتر کۆمەکیی و پشتیوانیی هەر لە خوا ئەخوازین ..

نووسەر

رەمەزانی ١٣٩٨

ئابی ١٩٧٨

# کەعبەی پارێزراو

لە تەنیشت ماڵی پیرۆزی خوادا و لە یەکێ لە بنەماڵەکانی مەککەدا، کە بە بازرگانیی و گەشت و گەڕان ـ بە زستاندا بەرەو یەمەن و بە هاویندا بەرەو شام ـ راهاتبوو ، مناڵێکی ساوا لە دایك بوو .. بنەماڵەی عەوفی کوڕی عەبدولحاریثی کوڕی زەهرە لە ساڵی چل و چواری پێش کۆچ کردن دا ـ واتە نۆ ساڵ دوای ساڵی فیل ـ کوڕێکی سپیی کەلەی جوانیان پێ بەخشرا ..

ماڵی خوا لای عەرەبەکان ـ بە تایبەتیی لای قورەیش ـ زۆر پیرۆز بوو ، بە یەکجاریی دوای ئەو هێرشەی، کە ئەبرەهەی گاور کردیە سەری، بە نیازی وێرانکردنی تا خەڵکیی وازی لێ بهێنێ و روو بکاتە خانووە دەست دروستەکەی ئەو . دیارە کە خوا ویستی لەسەر کارێ نەبوو، بە بیری هیچ کەسێك دا نایەت ، کە چۆن خوا نەخشەی تەفرەدانی

بۆ ئەکێشێ ، کە ویستیشی لێی بوو، هیچ کەس نازانێ چۆن نەخشەی ڕێکخستنی بۆ ئەکێشێ.. خوایە و چۆنی ویست ، هەروا ئەبێ .. دەستکاریی نەخشەکانی ناکرێت ..

ئەبوایە موسڵمانەکان بە درێژایی مێژوو بەڵگەی رزگاربوونی کەعبە لە دەستی ئەبرەهە و لەشکرە بەهێزەکەی بەس بوایە بۆ دڵنیابوون بەرامبەر بە یارمەتیی و کۆمەکیی خوا بۆ هەڵگرانی دینەکەی .. ئیتر پێویستیی بەوە نەکردایە تا ئەوان بیر لە نەخشەی سەرکەوتن بکەنەوە.. چونکە کەم هێزیی موسڵمانەکان و بەهێزیی خوانەناسان ، مەرج نیە بۆ بردنەوەی رۆژی نەبەرد.. بەڵکو مەرج راست لێبڕانی موسڵمانەکان و راست کردنیانە لەگەڵ پەروەردگاردا . ئەوسا ئەبینن چۆن خوای گەورە شتێك ئەکاتە هۆی سەرکەوتن کە بە بیری هیچ کەسێك دا نەهاتووە .. خۆ بە درێژایی مێژوو هیچ پێغەمبەرێکیش نەیزانیوە کەی و چۆن سەرئەکەوێ .. تەنها ئەوەندەیان لەسەر پێویست بووە ملکەچی فەرمان بن و چاوەڕوانی نەخشەی خوا بن ..

عەوفی خاوەن کوڕ هێشتا ئەو رۆژە سامناکەی لە یاد بوو ، کەوا ئەبرەهە بە لەشکرە بەهێزە بێ شومارەکەیەوە، بە فیلەکەوە گەیشتبووە قەراغی شاری مەککە و نیازی وابوو هێرش بکاتە سەر کەعبە و وێرانی بکا ، قورەیشییەکانیش خواحافیزییان لە کەعبەی خۆشەویستیان کرد و ناچار لە ترسی لەشکری بێ ویژدان لە شار چوونە دەرەوە ..

ئەو رۆژەی لە یاد بوو کە بە هیچ شێوەیەك بە خەیاڵیدا نەئەهات ، کەعبە لە دەستی ئەبرەهە رزگاری ببێ، کەچیی خوای پەروەردگار بە ڕێگایەکی بیر لێ نەکراوە، لە دوایین هەنگاودا و دوای بڕینی هەموو هیوایەك ، دەستی لە ئەبرەهە وەشاند و لەشکرەکەی تەفر و توونا کرد و کەعبەی پیرۆزی پاراست ..

ئەمەی چاك لە یاد بوو ، بۆیە بە پەرۆشەوە کوڕەکەی ناو نا ( عبد الکعبە ـ بەندەی کەعبە ) و بردی بە دەوری کەعبەدا گێڕای ... لە لایەکی ترەوە نەزری کردبوو کەوا ئەم ناوەی لێ بنێ تا خوا وەك کەعبەی پاراست ئەمیش بپارێزێ .. دیارە ئەم بیروباوەڕە جاهلی یە و ئیسلام پەسەندی ناکات ..

کوڕە گەورە بوو و پێ گەیشت .. گەنجێکی ئازا و گورج و کۆڵی لێ دەرچوو .. دەستی دایە بازرگانیی و بۆ کڕین و فرۆشتن گەشتی شام و یەمەنی ئەکرد ..

لە یەکێ لە گەشتەکانی یەمەندا چەند راهیبێك هەواڵی پیاوێکیان ئەپرسی کە لە مەککە هەڵ ئەکەوێ ، دینی باوباپیرانیان ئەگۆڕێ و ، خەڵکیی بۆ سەر دینێکی نوێ بانگ ئەکات ..

عەبدولکەعبە لەم قسانە زۆر سەری سوڕ ئەما و لە خۆی ئەپرسیی: داخۆ ئەو پیاوە کێ بێ ؟ بە دڵ حەزی ئەکرد ئەو پیاوە دەست بداتە بڵاوکردنەوەی دینەکەی و خەڵکیی بانگ بکا بۆ سەری ..

له لایەکی ترەوە هیچ بە دووری نازانم ـ هەرچەندە لە هیچ سەرچاوەیەکی بەردەستمدا نەم دیوە ـ کەوا ئەبرەهەی گاور زووتر ئەم هەواڵەی راهیبەکانی بیستبێ و بە گیانێکی کۆنی خاچ پەرستانەوە ـ بێ ئەوەی نیازەکەی ئاشکرا بکات ، هەر لەو ساڵەدا کە پێشەوای رزگارکەر دێتە جیهانەوە هاتبێ تا ئەو ماڵە برووخێنێت کە ئەبێتە قیبلەی دوارۆژی دینی خوا و ، سەرچاوەی دین لە دەستیان دەرنەچێ .. چونکە گاور و جووەکانی سەردەمی پێغەمبەریش ﷺ زۆر چاك ئەیان زانی پێغەمبەری خوایە و راست ئەکا ، کەچیی بێوچان هەوڵ و کۆششیان دژی ئەکرد ، بە نیازی لەناوبردنی ، تا لای خەڵکیی هەر خۆیان بە هەڵگری دینی خوا بدرێنە قەڵەم ، لەگەڵ ئەوەش دا ئەیان زانی تازە کار لە کار ترازاوە و پێغەمبەرێتیی لە زنجیرەی ئەوان دەرچووە ..

# مژدەی بەهەشت

ڕووناکیی خوا هاتە خوارەوە بۆ سەر زەویی .. پێغەمبەری پێشەوای مرۆڤایەتیی ﷺ دەستی بە بڵاو کردنەوە و بەخشینەوەی کرد بەسەر مرۆڤەکان دا . مرۆڤە هۆشیارەکان خێرا بە هەستی دەروونی پاکیان زانییان مایەی قازانجی هەردوو جیهانە ، بۆیە بە پەلە هاتن بە دەمیەوە .. باکیان لە هەڕەشە و گوڕەشەی ستەمکارە ورگ زلەکان نەبوو.. ئەوانە چین پیاوی عاقڵ بە مێشوولەشیان بزانێ .. زانیی ئەمە ئەو ڕێبازەیە کە مرۆڤایەتیی لە سایە و سێبەریا بحەسێتەوە ، بۆیە بە پەلە هەر یەکە کورسییەکی گرت .. ئەڵێم کورسییەکی گرت ، نەك ئەو کورسییەی کە نەفامەکان خۆیانی لەسەر بە کوشت ئەدەن .. چونکە لە ئیسلام دا کورسیی بریتییە لە هەوڵ و کۆشش و سەروماڵ بەخت کردن .. بریتییە لە پەیمانی کۆڵنەدان و وازنەهێنان تا دواتنۆکی خوێن .. بریتییە لە دامەزراویی و ئارام و بەرگەگرتن بەرامبەر بە شاڵاو و لافاو و ڕەشەبای نەفامیی .. بریتییە: لە پەیمان دان بۆ مردن .. بریتییە لە ژیان تەرخان کردن بۆ ئەو بیروباوەڕە بێ گەردەی کە پەروەردگاری زانا و دانا نەخشەی کێشاوە .

بەڵێ .. موحەمــمەدی خۆشەویستی خـوا ﷺ لـە تەمــەنی چـل ساڵییدا بەخششی بەلێشاوی خوا بەسەریدا رژا .. قورئانی بـۆ هـات .. بۆ رێنموویی مرۆڤایەتیی .. بەرنامەی شیرین و بەکەڵك و بێلەکـەی بـۆ هــات .. بــۆ حەســانەوەی مرۆڤایــەتیی .. بۆیــە دڵســۆز و بــەوەفا بەغیرەتەکان خێرا لێی تێ گەیشتن و زانییان ئەم دەرمانــە، کـە هــەموو دەردەکانی مرۆڤایەتیی چارەسەر ئەکا ، دوژمنی زۆرە و بێ وچان هەوڵی لەناوبردنی خۆی و شوێنکەوتووەکانی ئەدەن .

ئەم ناڕەحەتیی و تەنگاویی و زەحمەتە لە چاو مژدەی پەروەردگاردا.. لــە چــاو بەهەشــتی بــەرین دا .. لــە چــاو رەزامەنــدیی و بــە دیــدار شادبوونەوەی خوادا .. کەمە و زۆریــش کەمــە .. کەواتــە ســەروماڵێك بەهەشتی پێ نەکڕێ بۆ چیی باشە ؟!

بەم شێوەیە و بەم هەست و بیرەوە هاوڕێ بــەڕێزەکانی پێغەمبــەر ﷺ بە دەم قورئانەوە هاتن .. بە دڵ و بە گیان ملکەچی فەرمانەکانی بوون. گیان و سامانیان خستە سەر لەپی دەست و بــۆ سەرخســتنی بەرنامــەی خوا .. چوون بە پــیری مەرگــەوە و لــەو ســەرەوە بەختــەوەریی هــەردوو جیهانیان لەگەڵ خۆیان دا هێنا ..

ماوەیەکی زۆر بوو عەبدولکەعبە چاوەڕێی پێغەمبەری ﷺ ئــەکرد ، تا جارێکیان لە گەشتی یەمەن کە هاتەوە ، ئەبوبــەکر چــوو بــۆ لای بــۆ ماڵەوە ، چونکە دۆست و هاوەڵی یەکتر بوون . ئەبوبەکر دەستی کرد بــە هەواڵ پرسینی گەشت و گــوزار ، ئــەویش دەســتی کــرد بــە گێڕانــەوەی

دەنگ و باسی گەشتەکەی ، بە تایبەتیی ئەو هەواڵەی، کە لە راهیبەکانی یەمەنی بیستبوو دەربارەی ئەو پێغەمبەرەی، کە بەم زووانە لە مەککەدا دەست بە بڵاوکردنەوەی دینی تازە ئەکات .. ئەبوبەکریش بە نیازی خۆی بە تەمایە عەبدولکەعبە بۆ سەر ئیسلام بانگ بکا ، نازانێ ئەم بەر لەوەی بزانێ ئەو پێغەمبەرە کێیە ، بڕوای پێ هێناوە و بە گەرمیی چاوەڕوانیی هاتنی ئەکات .. پاشان ئەبوبەکر فەرمووی :

بەڵێ ئەو پیاوە ئاشکرا بووە و موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلایە .. بۆ رێنموویی خەڵکیی خوا دینی راستەقینەی بۆ ناردووە ، تا لەم ژیانە لار و وێرەدا رزگارمان بکات .. جا تۆش بچۆ بۆ لای و بڕوای پێ بهێنە تا لە سزای سەختی خوا رزگارت ببێ ..

موسڵمانی تازە بەبێ ئەوەی سێ و دووی لێ بکا کەوتە گەڕان بە شوێن پێغەمبەری خۆشەویست دا تا دۆزییەوە . کاتێ کە پێغەمبەر ﷺ چاوی پێ کەوت بە زەردەخەنەوە فەرمووی :

دەم و چاوێك ئەبینم کە هەر بۆ ئەوە دروست کراوە ئاواتی بەهەشتی بۆ بخوازم . ئەویش بە دەم و بە دڵ شایەتیی تەنیایی خوا و پێغەمبەرێتیی موحەممەدی دا و ، پێغەمبەریش ﷺ لە جیاتیی عبدولکەعبە [1] ناوی نا عەبدوڕڕەحمان ..

---

[1] لە هەندێ ریوایەتدا ناوی بە ( عبد عمرو ) هاتووە .

بــــەڵێ عەبـدوڕڕەحـــمانی کـــوڕی عــــەوف یەکـــێکە لـــەو ( هەشت ) کەسەی کە پێش هــەموو کەسـێك بڕوایـان بـە پێغەمبــەری خۆشەویست ﷺ هینا و کەوتە شوێنی و ..

یەکێکە لەو ( دە ) کەسەی کە لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە ..

یەکێکە لەو ( شەش ) کەسەی کە عومەر هەڵی بژاردن تا دوای خۆی یەکێکیان بە هەڵبژاردن بکرێتە خەلیفەی موسڵمانەکان و ..

یەکێکـە لەوانـەی کـە لـە مەدینـەدا فتوایـان ئـەدا و پێغەمبــەری خواش ﷺ لە ژیاندا بوو .

بەر لەوەی پێغەمبەر ﷺ ماڵی ئەرقـەم بکاتـە شـوێنی کۆبوونـەوەی لەگەڵ موسڵمانەکان دا ، عەبدوڕڕەحمان موسـڵمان بـوو ، ئەمــەش دوای موسڵمان بوونی ئەبوبەکر بە دوو ڕۆژ ..

هەر کە قوڕەیشی ستەمکار لە ڕاستێتیی ئیسلام تـێ گەیشـت، کـە بریتییە: لە پەرستنی خوا بـە تـاك و تـەنیا ، هێرشـێکی بێویژدانانـەی کـردە سـەر موسـڵمانەکان و ، بـەبێ سـۆز و بـەزەیی ئـازاری ئـەدان . عەبدوڕڕەحمانیش لەم تاقی کردنەوەیەدا بەشدارییەکی پیاوانـەی کـرد .. بەڵام بە وێنەی کێوی دامەزراو ئارامی گرت و باکی لـە خەشـم و قـینی قوڕەیش نەبوو .. پێغەمبــەری خـوا ﷺ ڕێگـای ئەویشـی دا تـا لەگـەڵ خوشك و برا موسڵمانەکانیدا کۆچ بۆ حەبەشە بکات ، تا ئـەوەبوو دوای

ماوەیـــەك گەڕایـــەوە مەككـــە . بـــەڵام هەنـــدێك لـــە موسڵمانەكان هەر لە حەبەشە مانەوە ، هەتا موسڵمانەكان كۆچـیان بـۆ یەســریب كــرد و كردیانــە پایتــەختی دەوڵــەتی ئیســلام و لــە دوای رزگاركردنی خەیبەر ئەوسا هاتنەوە .

كاتێ پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ درا بە كـۆچ كـردن بـۆ یەسـریب ، عەبدوڕڕەحمان بەوپەڕی سنگ فراوانییەوە هەموو شتێكی خستە ئـەولاوە و لە پێناوی خوا و پێغەمبەرە خۆشەویستەكەیدا كۆچی كرد ..

# پەروەردەی ئیسلامیی

بە کۆچ کردنی موسڵمانەکانی مەککە ، مەدینە بووە جێگای فەخر و شانازیی بۆ هەموو موسڵمانێك هەتا هەتایە ، موسڵمانە ئەنصارەکانی مەدینە ئەوپەڕی جوامێریی و مەردایەتییان نواند .. خۆنەویستن و غیرەتیان گەیشتە رادەیەك تا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا تۆماری بکات .. رێزگرتنیان لە میوان و پێشوازیی کردنیان لە پێغەمبەر و موسڵمانە موهاجیرەکان ، لە مێژوودا وێنەی نەبوو .

برا ئەنصارەکان ئەیان زانیی برا موهاجیرەکانیان ماوەی(١٣) سیانزە ساڵە چۆن لەژێر ئازاری قوڕەیشی ستەمکار تلاونەتەوە .. ئێستاش کە کۆچیان کردووە بۆ ناویان هیچ ماڵ و سامانێکیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێناوە ، بۆیە بڕیاریان دا هەر ماڵێکیان برایەکی موهاجیر بگرنە خۆ و ، خوا هەرچیی دابێت لە سایەی قورئاندا پێکەوە بیخۆن .

ئەنصارەکان زۆر مەردانە بڕیاری پێکەوە ژیانی راستەقینەی پاك و خاوێنیان دا .. بەبێ ریایی .. بەبێ خۆهەڵکێشان .. بەبێ منەت و شانازیی کردن ..

مـــالّ و ســـامانیان خســـته ژێـــر پێـــی بـــرا موســـڵمانه لێقەوماوەکانیانەوە .. دیارە ئەگـەر پێغەمبـەری خۆشەویسـت ﷺ ئـەم جوامێری‌یەی بە موسڵمانەکانی مەدینەوە بەدیی نەکردایە ، نەیئـەتوانی دەست بەرداری مەککە ببێ ئەگەرچیی لەژێر ئازار و ستەم دا ئەتلانـەوە

ماڵـە ئەنصـارەکان زۆر و ، بـرا موهاجیرەکـان کـەم بـوون . بۆیـە موهاجیرەکان ئەوەندە نەبوون تا دڵـی هـەموو ماڵـە ئەنصـارێك ڕازیـی بکەن ، ناچار پێغەمبەر ﷺ هەر موهاجیرێك و ئەنصارێکی کردنە برا.

خۆ هەر ماڵێك برای بەر بکەوتایە ئـەوە ئـیتر خـۆی بـە سـەربەرزی هـــەردوو جیهـــان ئـــەزانی . چـــونکە هـــەر موســـڵمانێکی موهـــاجیر مامۆستایەکی بێوێنە بوو لە فێرکردنـی قورئـانی پـیرۆز و فەرمایشـتی پێغەمبەری خۆشەویست و لە گێڕانەوەی ئەو جیهادەی کە موسـڵمانەکان لە مەککەدا خەریکی بوون دژی پایە و پلەی بۆشی نەفامیی ، تـا دوای ئارام و بەرگەگرتن وا خوای گەورە دەرووی لێ کردنەوە و رزگاری کردن ، پێغەمبەر ﷺ عەبدوڕڕەحمانی لەگەڵ سەعدی کوڕی ڕەبیعی ئەنصـارییدا کردنە برا.

سەعد بە عەبدورڕەحمانی وت:

ئەی برا ! من دەوڵەمەندترین پیاوی ئەم شارەم ، نیوەی سامانم بۆ خۆت هەڵبژێرە و ، دوو ژنیشم هەن ، تەماشای بکە کامیانت لا چاکترە با تەلاقی بدەم و تۆ مارەی بکە..

لەبەردەم هەڵوێستی وەهادا مرۆڤ چۆن خۆی پێ ئەگیرێ و ئەبێ چۆن ئیتر بیر لە دڵ و دەروونی ئەو کۆمەڵە موسڵمانە بکاتەوە .. ئەوانیش هەر مرۆڤ بوون وەکو ئێمە، بەڵام تەنها ئەوەندە هەیە ئەوان بە پەروەردەی قورئان هەڵس وکەوتی خۆیانیان رازاندبۆوە ..

نیوەی سامانەکەم بۆ تۆ و ، ژنێکیشیان تەلاق ئەدەم و بە شێوەیەکی شەرعیی تۆ مارەی بکە .

ئەمە بەرزترین پلەیە، کە مرۆڤی بگاتێ .. بەرزترین پلەی خۆنەویستن.. بەرزترین پلەی برایەتیی .. بەرزترین پلەی موسڵمانێتیی .. ئەو موسڵمانێتییەی، کە قورئان داوای ئەکا ..

کوان ئەوانەی، کە ئەیانەوێ ئیسلامیش بە بیرە لار و وێرە ماددییەکەیان تەفسیر بکەن؟

کوا زۆرانبازیی ئابووریی؟

سەعدی کوڕی رەبیع لە پێناوی چییدا موسڵمان بووە ؟ لە پێناوی ماددەدا! یا لە پێناوی بەرتیل و پارە کۆکردنەوە و رابواردنی حەرامدا؟!

هیوادارم موسڵمانەکان چاوێك بکەنەوە و بە بیر و هەستی خۆیان لە دینەکەیان تێ بگەن ، نەك ئەوانە بۆیان شیی بکەنەوە کە مەبەستیان نەهێشتنی رەوشت و دینە ، تا پیلانەکانی جوولەکە سەرکەون و دەست بخەنە قوڕگی گەلە بەستەزمانەکانەوە ، کە وەك چاوکراوان هەستی پێ ئەکەن .

بریا موسڵمانەکان زۆر چاك بزانن پەروەردەی ئیسلامییە وا ئەو بەڕێزانەی پێ گەیاندووە تا بەو کەم دەسەڵاتیی و دەست کورتییەیان تەخت و بەختی نەفامیی تێك بدەن و گەلان لە سایەی قورئان دا بحەسێننەوە ..

چیی کۆمەڵی نەفامیی هەیە لەسەر زەوییدا هیچیان ناتوانن تۆوی خۆنەویستن لە دڵ و دەروونی ئەندامەکانیاندا بڕوێنن ، ئەوان ئەو پەروەردەیەیان پێ نیە کە بتوانێ ئەو جوامێریی و دڵپاکیی و خۆنەویستن و وەفادارییەی کە لە کۆمەڵە موسڵمانەکەی ئەو سەردەمەدا هەبوو بیهێنێتە کایەوە . ئەمەیە وا ئیسلامی کردۆتە تاقە رێباز بۆ مرۆڤ.

عەبدوڕڕەحمان بە بیستنی پێشنیارەکەی سەعد وەك گوڵ گەشایەوە.. کەوابێ دانیشتولنی مەدینە خاوەنی پیاوەتیی و جوامێریین !.. سەربازی خۆنەویستن بۆ بەرزکردنەوەی ئیسلام ! مرۆڤ کە گەیشتە ئەو رادەیە ، ئەتوانێ بەسەر هەموو کۆسپ و کەندەڵانێکدا باز بدات!..

سوپاس بۆ خوا .. ئەمە بەخششی خوای گەورەیە .. ئەمە بەری شیرینی ئارام و بەرگە گرتنەکەی مەککەیە..

عەبدورڕەحمان وەڵامی دایەوە:

خوا فەڕ و پیرۆزیی بڕژێنێ بەسەر ماڵ و منداڵت دا . تەنها بازاڕم پیشان بدەن ، ئیتر هیچم ناوێت..

بازاڕیان پیشان دا و ئەویش دەستی کرد بە کڕین و فرۆشتن و قازانج کردن و پارە پاشەکەوت کردن ، تا ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو ، مارەیی ژنێکی پەیدا کرد و ژنی هێنا.

ئەوەبوو ڕۆژێکیان هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆنی خۆشیشی لێ ئەهات ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (میهم ) دەنگ و باست؟ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! ژنم هێناوە . فەرمووی : ( ما أصدقتها ؟ ) فەرمووی: چییت کردۆتە مارەیی؟ وتی: کێشانەی ناوکە خورمایەك زێڕ. فەرمووی: ( أولم ولو بشاە ) . فەرمووی: دەعوەتییەك بکە ئەگەرچی مەڕێکیشت سەر بڕیوە .

پێویست ناکات هەمیشە موسڵمان خەریکی دەست پان کردنەوە بێت.. پێویستە خۆی خەریکی هەوڵ و کۆشش بێت ، پێویستە لە ڕەنجی شانی خۆی بخوا و ئەو دەست گیرۆیی لێقەوماوان بکا . نەك بار بێت بەسەر موسڵمانەکان و بانگی ئیسلامەوە..

١

هەڵگری ئیسلام.. بڵاوکەرەوەی ڕێبازی قورئان پێویستە خۆی خۆی بژیەنێ، نەك لە سایەی ئیسلام دا بە تەممەڵیی بژیی .. نەك لە جیاتیی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی ئیسلام ، خەڵکیی دەست گیرۆیی بکەن .. ئەوانەی بەسەر ئیسلامەوە ئەژین ، ئەوانە لێی تێ نەگەیشتوون.. ئەوانە ئەبوایە لە هەموو کەس زیاتر هەوڵ و کۆششی ژیانیان بکردایە، چونکە شارەزای ئەوەن کە ئیسلام داوای ئیش ئەکات نەك وتەی رووت!

موسڵمان دروستکەری کۆمەڵگەی ئیسلامییە ، ئەو کۆمەڵگەیەی کە هەڵگری ئاڵای ئازادیی گەلان و پێشکەوتن و داکوتانی پایەی شارستانیەتە ..

لە کۆمەڵگەی ئیسلامییدا تەمەمەڵیی و تەوەزەلیی ئەبێتە عەیبەیەکی زۆر گەورە .. موسڵمانان بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئەوانە ئەکەن کە خۆیان بە دەست قەست ئەکەنە سەرباری کۆمەڵ ، ئەوانەش، کە لێقەوماون ـ بە هەر شێوەیەك بێت ـ بەوپەڕی لێبوردنەوە موسڵمان دەستی یارمەتیی و بەهاناوە هاتنیان بۆ درێژ ئەکەن، بە پێچەوانەی ئەو بیرەوە کە ئەڵێت : هەرکەس کار نەکات مافی ژیانی نیە..

عەبدوڕڕەحمان ساڵەهای ساڵە بە دەستی قوڕەیش ئەچەوسێتەوە ، ئێستە خوا دەرووی بۆ کردۆتەوە ، توخوا حەیف نیە نەتوانێ خۆی بژیەنێ؟ حەیف نیە خۆی بکا بە بار بەسەر ئیسلام و موسڵمانانەوە؟

چاك وایە قوڵی مەردانەی لێ هەڵ کا و لە جیاتیی ئەوەی بار بێت بەسەر بانگەوازی ئیسلامەوە ، ئەو کۆڵ هەڵ گرێت..

عەبدوڕڕەحمان ئەڵێت:

لە هەموو لایەکەوە پارە و سامان رووی تێ کردم ، هەتا ئەگەر بەردێکم لە شوێنی خۆیدا بجووڵاندایە، وا بە بیرما ئەهات کەوا لەژێریا زێڕ یا زیو ئەدۆزمەوە.

یەك دوو ساڵ تێپەڕی کرد و جەنگی ( بەدر ) هاتە بەرەوە و، عەبدوڕڕەحمانیش یەکێ بوو لە سەربازە کۆڵنەدەرەکانی لەشکری ئیسلام و بەشداریی تێدا کرد.

ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششی بۆ بڕینی نینۆکی قوڕەیشی ستەمکار کرد.. لەم جەنگەدا عومەیری کوڕی عوپمانی کوڕی کەعب ، کە دوژمنێکی داخ لە دڵی موسڵمانەکان بوو بە دەستی عەبدوڕڕەحمان کوژرا..

حاریثی کوڕی صومە خوا لێی رازیی بێ ئەڵێت : پێغەمبەری خواﷺ لە شیوەکەدا بوو لێمی پرسیی:

( هل رأيت عبد الرحمن بن عوف؟ )

فەرمووی : عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوفت دیوە؟

وتم: بەڵێ ، ئەی پێغەمبەری خوا ! لە بنی کێوەکەدا دیم، کە کۆمەڵێك سەربازی بت پەرست دەورەیان لێ دابوو. کە هاتمە خوارەوە تا

بــەرگریی لــێ بکــەم تــۆم بینیــی و ، رووم لێــت نــا.

پێغەمبــەرﷺ فــەرمووی: ( أمــا إن الملائکـة تقاتــل معــه ) فــەرمووی: مەلائیکەت لە کوشتاردا یارمەتیی ئەدەن.

حاریث ئەڵێت: ئەوەبوو گەڕامەوە بۆ لای عەبدوڕڕەحمان و بینیم وا لە نێوان حەوت کەسی کوژراودا. جا پێم وت : دەستت خـۆش بێـت !! ئایـا هەموو ئەمانە تۆ کوشتووتن؟

وتی: ئەمە و ـ بە ئەرطهئەی کـوڕی ( عەبـد ) شـورەحبیل ـ ئەمـە هەردووکیان من کوشتنم ، بەڵام ئەوانەی تر کەسێك ئەیکوشتن کـە مــن نەم ئەدیت!!

وتم: خوا و پێغەمبەرەکەی راستیان فەرموو.

عەبــدوڕڕەحمان خــوا لێــی رازیــی بــێ لــە جــەنگی بــەدردا تــوانیی ئومەییەی کوڕی خەڵەف بە دیل بگرێت.

لە رۆژی ( ئوحود) یش دا، لەو ساتەدا کەوا قوڕەیش هەلی بە دەست هێنا و لەشکری موسڵمانەکانی گـەمارۆ دا، عەبـدوڕڕەحمان بــە وێنــەی کێوێکی دامەزراو و پڵنگێکـی بێبـاك بەشـداریی ئـەکرد و ، ئەوپــەڕی نارەحەتیی هاتە ڕێی.. کاتێ کە جەنگ تــەواوو بــوو، زیـاتر لــە بیسـت برینی پێوە بوو ، کە هەندێکیان ئەوەنــدە گــەورە و قــوڵ بــوون دەســتی پیاوی پیا ئەچوو و ، لەبــەر زامــداربوونی پێــی لــەوەو دوا لــە رویشــتن

لەنگەی ئەکرد و قسەکردنیشی باش بۆ نەئەهات ، چونکە دوو دانی پێشەوەی لە جەنگ دا کەوتبوون..

لە مانگی شەعبانی ساڵی شەشەمی کۆچییشدا پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کرد و لەبەر دەستیدا داینا و بە دەستی پیرۆزی مێزەرێکی بەسەریا بەست کە بەم لاو لای شانیدا ئەهاتە خوارەوە و پێی فەرموو: بە ناوی خواوە و لە رێی خوادا غەزا بکە ، هەرچیی ئیمانی بە خوا نیە بچۆ بە گژیا ، بەڵام زۆر و ستەم بە کار نەهێنیت و ، ناپاکیی نەکەیت و، منداڵ و ساوا نەکوژیت.. پاشان کردیە سەرکردەی سوپایەك و بەرەو بەنی کولەیب لە ناوچەی ( دومة الجندل ) ی نارد.

عەبدوڕڕەحمان خوا لێی رازیی بێ ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی بردە دەرەوە و رووی لە ژوورەکەی خۆی نا و چووە ژوورەوە ، جا روو بە قیبلە وەستا و ( دەستی بە نوێژ کرد و ) چوو بە سەجدەدا و درێژەشی پێ دا هەتا وام زانی کە خوای گەورە "عز وجل" گیانی کێشاوە . لێی نزیك کەوتمەوە و ( دانیشتم ). ئەویش سەری بەرز کردەوە و فەرمووی : ( من هذا؟ ) فەرمووی: ئەمە کێیە؟ وتم: عەبدوڕڕەحمانم. فەرمووی: ( ما شأنك؟ ) فەرمووی چییت ئەوێ؟ وتم: ترسام خوای گەورە "عز وجل" گیانتی کێشابێت . فەرمووی: ( إنه جبريل عليه السلام أتاني فبشرني فقال: إن الله عزوجل يقول : من صلى عليك صليت عليه ، ومن سلم عليك سلمت عليه . فسجدت لله "عز وجل" شكرا ) . رواه أحمد ورجاله ثقات .

فەرمووی : جیبریل سەلامی لێ بێ هاتە لام و مژدەی دامێ و وتی : خوای گەورە "عز وجل" فەرمووی : هەر کەس سەڵەواتت لەسەر بدات ، واتە : داوای رەحمەتت بۆ بکات ، ئەوا رەحمەت بارانی ئەکەم و ، هەر کەسیش سەلامت لێ بکات ، ئەوا سەلامی لێ ئەکەم .
منیش لە سوپاسی ئەوەدا سەجدەم بۆ خوای "عز وجل" برد ..

عەبدوڕڕەحمان خوا لێی رازیی بێت کە لە خزمەتی پێغەمبەردا ﷺ ئەبوو وانە و ئامۆژگاریی لێ وەرئەگرت .

ئەوەبوو جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر خەم و خەفەت کە تەشریفی بردە ماڵەوە خۆی بەسەر شانی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف دا دابوو ، چونکە ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر لە سەرەمەرگ دا بوو . کاتێ کە گیانی دەرچوو فرمێسك لە هەردوو چاوی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتنە خوارەوە . عەبدوڕڕەحمان عەرزی کرد : ئەی پێغەمبەری خوا !! ئەم گریانەت ئەوەیە کە خەڵکیی لێ قەدەغە ئەکەیت . هەر کاتێك موسڵمانان بت بینن ئەگریت ئەوانیش ئەگرین !!

ئەڵێت : کاتێك کە هەنیسکی لاچوو فەرمووی : ( إنما هذا رحم ، وإن من لا يرحم لا يرحم ، إنما ننهى الناس عن النياحة ، وأن يندب الرجل بما ليس فيه ) ..

فەرمووی : ئەم گریانەش سۆز و بەزەییە، هەرکەسیش بەزەیی لە دڵ دا نەبێت ، ئەوا بەزەیی لەگەڵ دا بەکار ناهێنرێت، ئەوەی ئێمە

قەدەغەمان کردووە شیوەن و واوەیلایە و، ئـەو پیـا هەڵدانـەی کـە کابرا وەها نەبێت .

دوای ئەوە فەرمووی : ( لولا أنه وعـد جـامع ، وسـبيل متنـاه ، وأن آخرنا لاحق بأوَّلنا، لَوَجَدْنا عَلَيْهِ غـير هـذا، وإنـا عليـه لمحزونـون ، تـدمع العين ويحزن القلب ، ولا نقول ما يسخط الرب ، وفضل رضاعه في الجنة ) . أخرجه إبن سعد.

فەرمووی : ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە، کە مردن بـەڵێنێکی گشـتییە و، ڕێگـای هەموانـە و ئەیگرینـە بـەر و، دواییـنـەمان بـە پێشـینەمان ئەگاتەوە، ئەوا لـەوە زیـاتر بـۆی بـە داخ ئـەبووین و ، چـاو فرمێسـك ئەڕێژێت و ، دڵ خەمبار ئەبێت و، هیچ شـتێك نـاڵێین کـە پـەروەردگار بڕەنجێت و ماوەی شیرخواردنیشی چەندی مـاوە لـە بەهەشـتدا تـەواوی ئەکات.

عەبدوڕڕەحمان خوا لێی رازیی بێ بە چاکیی تام و چـێژی لـە قورئـان وەرئەگرت ، بە تایبەت ( آية الكرسي ) کـە ئـەوەبوو هەرچـیی ئەچـووە ماڵەوە بە گۆشەکانی ماڵەکەیدا ئەگەڕا ( آية الكرسي ) تێدا ئەخوێندن.

ئەو هاوەڵانەی لە سەرەتاوە موسڵمان بوون خاوەنی پلـە و پایەیـەکی تایبەتیی بـوون لـە دڵـی پێغەمبـەری نـازداردا ﷺ چـونکە ئەوانـە لـە کاتێکدا ئیمانیان هێنـا بـوو و کەوتبوونـە شـوێن قورئـان بـانگی خـوا یەکجار بێناز بوو و ، هەموو کەسێك نەیئەتوانیی وەك ئەوانـە پـێ بـە جەرگی خویدا بنێت و دژی خوانەناسیی بووەستێ ..

ئەوەبوو جارێکیان عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف شکاتی خالیدی کوڕی وەلیدی خوا لە هەردووکیان رازیی بێ بەلای پێغەمبەری خواوە ﷺ کرد. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ( یا خالد لا تؤذ رجلا من أهل بدر، فلو أنفقت مثل أحد ذهباً لم تدرك عمله ).

فەرمووی : خالید ! ئازاری پیاوێکی بەدریی مەدە . خۆ ئەگەر ئەوەندەی کێوی ئوحود زێڕ بۆ ئیسلام خەرج بکەیت ئەوا بە کردەوەی چاکی ئەودا ناگەیتەوە .

خالید وتی : شتم پێ ئەڵێن و منیش وەڵامیان ئەدەمەوە . فەرمووی:

( لا تؤذوا خالداً ، فإنه سيف من سيوف الله صبه الله على الكفار).

فەرمووی : ئازاری خالید مەدەن ، چونکە خالید شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوا کە بەسەر کافراندا باراندوویەتی .

ئەگەر جیاوازیی نێوان عەبدوڕڕەحمان و خالید ، کە شمشێرێکی خواییە بۆ داپڵۆسینی کافران ، ئەوەندە زۆر بێت ، هەر بەوەی کە چەند ساڵێك لە موسڵمان بوون دا جیاوازییان هەیە و ، خالیدیش بە هاوەڵێتیی پێغەمبەری خوا ﷺ شەرەفمەند بوو بێت و خاوەنی ئەو خزمەتە مەزنە بێت لە ئیسلام دا ، داخۆ ئەبێت جیاوازیی نێوان هاوەڵان و خەڵکیی تر چەند بێت ؟!

سامانی عەبدوڕڕەحمان دەورێكی باڵای هەبوو بۆ بەڕێكردنی لەشكرە ئیسلامییەكان و ، بۆ یارمەتیدانی كۆمەڵگەی ئیسلامیی لە كاتی گرانیی و تەنگانەدا .. بۆیە جیهادی بە لەش لە چاو جیهادی بە سامان دا زۆر كەمە .

ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ ویستی ( سرية ) یەك بەڕێ بخا ، رووی كردە هاوەڵەكانی و فەرمووی : ( تصدقوا فإني أريد أن أبعث بعثاً ) .

فەرمووی : ماڵ ببەخشن ، چونكە ئەمەوێ لەشكرێك بەڕێ بكەم .

بەر لە هەموو كەس عەبدوڕڕەحمان چووە ماڵەوە و بە پەلە گەڕایەوە و وتی :

ئەی پێغەمبەری خوا ! چوار هەزارم هەیە ، دوو هەزاریم بەخشیوە لە رێی خوادا و دوو هەزاریشیم داناوە بۆ ماڵ و خێزانەكەم ..

لێرەدا سەرداری مرۆڤایەتیی ، لە خوا داوای خۆشبەختیی و فەڕ و پیرۆزیی بۆ عەبدوڕڕەحمان و سامانەكەی كرد كە فەرمووی : خوا فەڕ و بەرەكەت بخاتە ئەوەوە كە بەخشیوتە و ، ئەوەشەوە كە هێشتووتەوە !..

# بانگی رزگاریی و دڵەتەپەی نەفامان

دەوڵەتی ئیسلامیی تازە پێگەیشتوو ، ڕۆژ و مانگ و ساڵی بەسەردا تێ ئەپەڕیی .. هەتا ئەهات بانگی پیرۆز لە گەشـەکردن و پەرەسـەندندا بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ بە حەکیمانە نەخشەی بەڕێوەبردنی کاروبـاری دەوڵەتی کێشابوو ، هەرچەندە مونافیقـەکان دەورێکـی پـڕ مەترسـییان ئەبینیی بۆ ئاگادارکردنی دوژمنەکانی ئیسلام و لە هـەموو هـەواڵێك و دەنگ و باسێکی موسـڵمانەکان ، کەچـیی ئـەم باشـتر و چـاکتر پیـاوی متمانە پی کراوی لە سەرانسەری دوورگەی عەرەبییدا راسـپاردبوو ، بـۆ ئەوەی لە هەموو نیازێکی دوژمنە بت پەرستەکان ئاگاداری بکەن. هـەر هۆزێـك نیـازی بکردایـە هێـرش بێنێتـە سـەر مەدینـە و دەسـت لـە موسـڵمانەکان بوەشـێنیٚ ، خێـرا بـەر لـە جـوولانی ئـەو هێـزە هـەواڵ ئەگەیشتە مەدینـە و پێغەمبـەریش ﷺ بـە زووتـرین کـات هێرشـێکی مەردانـەی ـ یـا بـە سـەرکردایەتیی خـۆی ، یـان بـە سـەرکردایەتیی هاوەڵێکی ئازای ـ ئەکردە سەر ئەو هـۆزە تـا چـاك بزانـێ کـە ئیسـلام هەروەك بریتییە لە هێزێکی دادپـەروەر ، لـە هـەمان کاتیشـدا دەسـتی

ستەمکاران و دەست درێژییکەران لە بندا ئەبڕێت .. بۆیە هەر هۆزێك نیازی خراپی ببوایە و دژی موسڵمانەکان لەشکری کۆبکردایەوە ، موسڵمانەکان ئەیان کوتایە سەری و دەرسێکیان دائەدا تا بە خۆی و هۆزە دراوسێکانیشەوە جارێکی تر بیر لە هێرش نەکەنەوە..

بەڵێ ئیسلام بریتییە لە ئاشتیی و ، ئەندامی ئاشتیی خواز پەروەردە ئەکا ، لە هەمان کات دا بریتییە لە دەستێکی پۆڵایین بۆ پان کردنەوەی سەری هەر ستەمکارێك کە دژی بوەستێ .. لە بن دا دەستی ئەوانە ئەبڕێ کە هەوڵ ئەدەن مرۆڤەکان بخەنەوە تاریکیی دوای ئەوەی خراونەتە رۆشنایی و لە سایەی ئیسلام دا ژیانی ئادەمیانە ئەبەنە سەر .. بۆیە پێویستە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگەی ئیسلامیی سەربازێکی کۆڵنەدەر و چاونەترس بێت تا دوژمنانی دین و بیروباوەڕ ، دوژمنانی گەل و وڵات گۆڕ بکات .. هەر دوژمنێکی خوانەناس هێرشی هێنایە سەر خاکی ئیسلام پێویستە موسڵمانەکان ئەو خاکە بکەنە گۆڕستان تا بە رزینی لاشەی سەربازانی خراپەویستیی گوڵی هەمە چەشن و هەمە رەنگ سەوز بن!

بە دەرکەوتنی راستیی و پاکیی ئیسلام بۆ مرۆڤە راستیی ویستەکان و دەرکەوتنی هێزی چارنەکراویشی بۆ مرۆڤە نیاز خراپەکان لە دوورگەی عەرەبییدا ، بەرە بەرە هۆزەکانی دوورگە نوێنەریان ناردە مەدینەی پایتەخت تا موسڵمان بوونی خۆیان و هۆزەکانیان رابگەیەنن و

موسڵمانی تێگەیشتوویان بۆ بنێرێت تا لە ئیسلام تێیان بگەیەنێت و، لە سایەی بەرنامە شیرینەکەیدا بحەسێنەوە.

تا ئەم کاتە دەنگ و باسی دینی ئیسلام بایەخێکی ئەوتۆی بەلای رۆمەکانەوە نەبوو ، بەڵام کە سەرانسەری دوورگەی عەرەبیی موسڵمان بوو و، لە سایەی ئیسلام دا دەوڵەتێکی یەکگرتووی تێدا بەرپا بوو ، مەترسیی کەوتە دڵی رۆمەکانەوە ، کەوا ئەم دەوڵەتە کۆرپەیە لە پەرسەندندایە، بە تایبەتیی شوێن کەوتووەکانی هەڵگری بیروباوەڕێکی دینیین و، بە جوانیی لە ئازایەتیی و چاونەترسیی موسڵمانەکان ئاگادار بوون، بۆیە هیرەقلی پادشایان ویستی تا لەمە زیاتر ئیسلام پەرەی نەسەندووە و مەترسیی زیاد نەکردووە ، هێرشێکی گەورە بکاتە سەر مەدینە و بە جارێك دەوڵەتی تازە پێشگەیشتوو ریشەکەن بکات و چرای ئیسلام بکوژێنێتەوە ..

لە راستییدا رۆمەکان بۆ زانینی دەنگ و باسی هێزی موسڵمانەکان کەڵکیان لەو بازرگانە (قبطي) یانەی خەڵکی شام وەرئەگرت .. جا دوای رزگارکردنی مەککە و موسڵمان بوونی هەوازین و پهقیف ، هیچ هێزێك لە دوورگەکەدا نەمابوو موسڵمانەکان مەترسیی لێ بکەن .. چونکە لەبەر راستیی و پاکیی موسڵمانەکان ، هەر هۆزێك کۆسپ لەبەردەمیدا نەمایە و راستەوخۆ لە ئیسلام بگەیشتایە ، بە دڵ و بە گیان ئەبووە سەربازی چاونەترسی ئیسلام ..

سروشـــتی ئیســـلام هەروایـــە ، چـــونكە هەمیشـــە كـــاركردن مەبەستێتی نەك داگیركردن ، هەر گەلێك شوێنی ئەكەوێ، ئـەو كاتـە و تەنها ئەو كاتە ئەبێتە خاوەنی رێز و مافی ئادەمیانـەی خـۆی ، چـونكە ئەویش ئەتوانێ بە ویستی خۆی بە رۆشنایی قورئان بەرپێی خۆی رووناك بكاتەوە ..

كاتێك، كە رۆمـەكان ئەمـەیان زانیـی مەترسـییان پەیـدا كـرد و ، ئەشیان زانی مەبەستی ئیسلام رزگاركردنـە، چـونكە هـەر هۆزێـك كـە موسڵمان ئەبێت ، خۆی بە خاوەنی ئیسلام ئـەزانێت و بـە سـەروماڵەوە هەوڵ و كۆشش ئەكات بۆ بەرزكردنەوەی .

كەواتـە ئـەو حكوومەتـەی، كـە ئیسـلام دروسـتی ئـەكات هـەموو ئەندامێكی خۆی بـە خـاوەنی ئیسـلام ئـەزانێ .. هـەتا ناموسـڵمانیش ژێردەستە و ماف خوراو نابێت ، بە پێچەوانەی ئیمپراتۆریەتـە جاهلییـە رەگەزپەرستە بت پەرستەكەی خۆیانەوە ، كە لە چینی رۆمانیی بـەولاوە هەموو گەلانی ژێر دەستیان بریتیی بوون لە چینی چەوساوە و ژێردەسـتە و ماف خوراوان .. كورتەكەی بریتیـی بـوو لـە چـینی بەنـدەكان كـەوا مەگەر لە ترسی گیان دڵسۆزیی سەرزارییان دەربڕیایە بۆ حكوومەت .

جا، كە دوورگەی عـەرەبیی لـە بـت پەرسـتیی و خوانەناسـیی پـاك كرایەوە ، نۆرەی بانگ كردنی باكوورە بۆ سەر ئیسلام. خۆ هـەر گـەل و هۆزێكیش هەل ببێ بۆ بیستن و تێگەیشتن لە راسـتییەكەی ، موسـڵمان نەبوونی زۆر دوورە ، چونكە سەرنج دانـی ئـەو ژیانـەی كـە هـەڵگرانی

قورئـان تيايـدا كاربەدەسـت بـن و لـە سـايەى قورئـان دا ئەبرێتە سەر، بەس بوو تا گەلە چەوسـاوەكانى ژێـر چـەپۆكى رۆمانييـە رەگەزپەرستەكان لە داخى ئەم ژيانە تاڵـە ، واز لـە هـەموو بيروبـاوەڕ و دينێكيان بهێنن، كە بوويێتـە مايـەى چاوبەسـت كـردن و پەرەسـەندنى ستەم و نەگبەتيى.. هەروەها شـارەزابوونى ئـەو گەلانـە لـە رەوشـت و خووى بەرزى هەڵگرانى ئيسلام بەس بوو تا بە جارێـك پشـت لـە دينـە كۆنەكەيان بكەن و بە سەروماڵەوە خۆيان بەخت بكەن بۆ بەرزكردنـەوەى ئالأى رێبازى رزگاركەرى گەلان و سەركوتكەرى ستەم و ستەمكاران ..

ئەوەبوو ( فەڕوەى كوڕى عەمرى جوذاميي) ـ كە سـەركردەى يـەكێ لە هێزە سەربازييە رۆمانييەكان بوو ـ لە جـەنگى ( مؤتـە )دا راسـتيى كەوتە دڵيەوە كە سەركردايەتيى و پايە و پلەى لە بير چۆوە و موسـڵمان بوو و، لەسەر ئەم موسڵمان بوونـەى لەلايـەن حكوومـەتى رۆمەكانـەوە فەرمانى گرتنى دەركرا ، كە گوايە ناپاكيى كردووە ، پادشـا زۆر حـەزى ئەكرد سەركردەيەكى ئاوا بەر بدا بە مـەرجێ واز لـە ئيسـلام بهـێنێ و بگەڕێتەوە سەر مەسيحيەت ، بەڵام فەڕوە موسڵمان ئاسا ، كۆڵى نەدا و هەڕەشە و گوڕەشە چاوترسێنى نەكرد و ، هەر لەسـەر ئيسـلام مايـەوە، ئەوانيش شەهيديان كرد ..

هەروەها يەكێ لە قەشە هەرە گەورەكانيان، كـە نـاوى ( صـفاطر ) بوو و بەلاى گاورەكانـەوە زۆر بـەڕێز و قسـە رەواج بـوو ، دواى ئـەوەى چاوى بە ( دحية ) كەوت ـ كە نێرراوى پێغەمبەر بوو بۆ لاى هيرەقـل ـ

جله رەشەکانی داکەند و دەستێك جلی سپی کـردە بـەر و چـوو بـۆ کڵێسا و لەبەردەم گاورەکان دا راوەستا و بانگی لێ کردن :

ئەی کۆمەڵی رۆم ، نامەیەکمان لە ئەحمـەدەوە بـۆ هـاتووە، کـە بـۆ بڕواهێنان بە خوای گـەورە و تـاك و تـەنیا بانگمـان ئـەکا، جـا وا مـن شایەتیی ئەدەم، کە جگە لە خوای گەورە هیچ پەرسـتراوێکی تـر نیـە و ئەحمەدیش بەندە و پێغەمبەری خوایە ..

بـەبێ وەسـتان.. بـەبێ بیرکردنـەوە.. بـەبێ پـرس و تـەگبیر بـە هەموویانەوە هێرشیان کردە سەری و شەهیدیان کرد..

هەروەها هیرەقل خۆی دوای پرسین لە ئەبوسـوفیانی کـوڕی حـەرب ـ دیارە بەر لـە رزگـارکردنی مەککـە و موسـڵمان بـوونی ئەبوسـوفیان ـ خۆشەویسـتیی ئیسـلام چـووە دڵیـەوە و دوای سـووکە دەربڕینێـك بـۆ قەشەکان ، بۆی دەرکەوت هەموویان دژی موسڵمان بوونن ، ناچـار بـوو لە ترسی گیانی و لە ترسی کورسییەکەی وازی هێنا .. ئەگینا بە تـەما بوو گەلەکەی بە جارێك دا شوێنی بکەوێ و موسڵمان ببێ ، دیـارە دوای ئـەوەی کـە پرسـی بـە زانـا گـەورەکانی کـرد و ئـەوانیش رەزامەنـدیی خۆیانیان دەربڕیی..

بەڵام هەندێ لە مێژوونووسان ئەڵێن کەوا ئیمپراتۆر هیرەقل لە ژێرەوە بە موسڵمانی ماوەتەوە و تا مردن وازی لە ئیسلام نەهێناوە .

لــە راسـتییدا گاورەکـانی شـام و عێـراق بـە دەسـتی رۆمەکانەوە گیریان خواردبوو و ، هەرچەندە هاودین بوون ، بـەڵام لەبـەر ئەوەی رۆمانیی نەبوون، بەوپەڕی بێنرخییەوە سـەیر ئـەکران .. چـونکە مەسـیحیەت لــە پــەروەردەکردن و هەڵســووڕاندنی کاروبــاری وڵات دا دەورێکــی وەهــای نــەبوو، تــەنها ئــەوەبوو کرابــووە چــەکێك بــۆ پــارە کۆکردنەوە و چاوبەست کردنی گەلە داماوەکان.. جا کە ئەوانە بە بۆنەی هاتوچۆکردنی بازرگانەکانەوە بۆ خاکی ئیسـلام لـە داخـوازیی و دەسـت پاکیی و ئاسوودەیی کۆمەڵی موسڵمان ئاگادار ئەبوون ، ئەبووە هۆی دڵ راکێشانیان بۆ سەر ئیسلام ..

کە رۆمەکانیش دییان وا ئیسلام دڵیان رائەکێشیٚ و ئەکەونە شوێنی، کەوتنە خۆیـان و بـە نیـازی هێـرش کردنـە سـەر پایتـەختی ئیسـلام ، لەشکرێکی یەکجار گەورەیان هێنایە سنووری خوارووی شـام ، ئەمـەش لە ترسی ئەوەی نەوەکو ئیسلام هێرش بکاتە سەر ئەوان و وڵاتی شامیان لیٚ بستێنیٚ .

لــە کــاتی کۆبوونــەوەدا حکوومــەتی رۆم رۆزیــی ســاڵێکی بەســەر سەربازەکانیدا دابەش کرد ، ماڵ و سامانێکی زۆریشی بەسەر هۆزەکانی عێراق و شام دا ـ کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیـدا بـوون ـ دابـەش کـرد، تـا ئەگەر جەنگ رووی دا ئەوانیش کۆمـەکیی بکـەن و سـەربازی پێویسـت پێشکەش بکەن ..

جا دوای ئەوە بە فێڵ پێشڕەوی لەشکرەکەی نارده بولقاو تا ئەو لەشکرە گەورەیەی کە ناردیە ناوچەی تەبووك دیار نەبێت !

کاتێ کە ئەم دەنگ و باسە گەیشتە موسڵمانەکان ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بە موسڵمانەکان دا کەوا خۆیان ئامادەی جەنگی رۆم بکەن ، تا هێرش بکەنە سەر ئەو لەشکرە گەورەیەی کە لە تەبووك دا مۆڵی خواردۆتەوە ..

راستەوخۆ بە موسڵمانەکانی راگەیاند کەوا نیازی ئەوەیە هێرش بکاتە سەر رۆمەکان ، بە پێچەوانەی رووداوەکانی ترەوە ، کەوا لە ترسی ئەوەی هەواڵ بگاتە دوژمن ، راستەوخۆ ، نیازی هێرشی دەرنەئەبڕیی ..

لە راستییدا هێرش کردن بەرەو تەبووك ، کە لەشکری رۆمەکانی تێدا بوو ، کارێکی زۆر گەورە بوو و تەنها دەروونی موسڵمانەکان هەڵی ئەگرت ، چونکە لە هیچ کاتێك دا عەرەبەکان نەیان توانیوە بیر لە هێرشی وا بکەنەوە . جەنگ کردنیش لەگەڵ رۆمەکان دا بە بیری هیچ کەسێك دا نەئەهات ، بەڵام ئیسلام هێزێکی وەهای لە دڵیان دا دروست کرد کەوا لەوە زیاتریش بیر بکەنەوە !

پێویستە موسڵمانان ئەم راستییەیان ساتێك لە یاد نەچێ ، کەوا تەنها ئیسلام دەروونی ئادەمیزاد رزگار ئەکات و لەرزی لێ دوور ئەخاتەوە ، تا بتوانن بەبێ ترس بەرامبەر بە هێزی خوانەناسیی زل و بۆش بووەستن و بە مرۆڤایەتیی بسەلمێنن، کە ئەو بتە داتاشراوانەی، کە ئەویان پارچە پارچە و چاوترسێن کردووە زۆر بێبایەخ و پووچن ..

ئەوەبوو لە کاتێك دا، کە مەدینە مەترسیی لەشکری ئەحزاب دەوری دابوو و موسڵمانەکان خەریکی هەڵکەندنی چاڵەکە بوون ، بەردێکی رەق هاتە بەر دەستی موسڵمانەکان و داوای یارمەتییان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد ، ئەویش دەستی دایە پیکێك بۆ شکاندنی بەردەکە ، جا هەرچەندە سێ رۆژ بوو موسڵمانەکان هیچ خواردنێکیان تام نەکردبوو و پێغەمبەریش ﷺ لە برسان دا سکی توند بەستبوو ، فەرمووی : ( بسم الله ) و بە پیك بەردەکەی شکاند و مژدەی رزگارکردنی شام و فارس و یەمەنی بە موسڵمانەکان دا ..

جگە لەم مژدەیە ـ کە مونافیقەکان گاڵتەیان پێ ئەهات ـ و ، جگە لە راستیی ئیسلام و فیداکاریی موسڵمانەکان ، بە بیری هیچ کەسێك دا نەئەهات بتوانن روو بکەنە لەشکری رۆمەکان لەولاوە مونافیقەکانیش خەندەی لێویان ئەهات کە تازە موسڵمانەکان خۆیان خستە داوەوە و دووچاری رۆم بوون و لە چنگی رزگاریان نابێت ..

هەرکە موسڵمانەکان نارەحەتیی و دووریی و پڕ مەترسیی رێگایان بۆ دەرکەوت ، زانییان پێویستە بە تەواویی خۆیان ئامادەی جەنگ بکەن .. دوژمنە و دەسەڵاتێکی زۆری هەیە ، هەر تۆزێك هەست بە لاوازیی موسڵمانەکان بکات ، تەماعی پایتەخت ئەی گرێ و ئەنیشێتە ملیان و دەرچوونیان ئەستەمە .. بۆیە هەموو یەکێ بە پێی توانای خۆی ئەوپەڕی کۆمەکی کرد ، چونکە بەرێکردنی لەشکرێکی سیی هەزاریی لە مەدینەوە بۆ تەبووك ، لە گەرمای هاوین دا ، کارێکی ئاسان نەبوو ،

به تایبه‌تیی زۆرێك له موسڵمانه‌كان هه‌ژار بوون و ، توانایان نـه‌بوو بگه‌نـــه مه‌یـــدانی جـــه‌نگ ، ئه‌گـــه‌ر یارمـــه‌تیی موســـڵمانه ده‌ســـت رۆیشتووه‌كان نه‌بوایه .

موسڵمانه‌كان ئه‌وپه‌ڕی جوامێرییان نواند .. هه‌ر كه‌سه به پێی خـۆی دریغیی نه‌ئه‌كرد ، هه‌رچه‌نده ساڵێكی وشك و بێده‌رامه‌ت بوو ..

بۆ نموونه عـه‌بدوڕڕه‌حمانی كوڕی عـه‌وف چوار هه‌زار دیرهه‌می هێنـا و فه‌رمووی : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ! سامانه‌كه‌م هه‌شت هـه‌زاره ، نیـوه‌یم هێناوه و نیوه‌یشم هه‌ڵگرتووه..

فه‌رمووی: خوا پیت و به‌ره‌كه‌ت بخاته ئـه‌وه‌وه كـه هـه‌ڵت گرتـووه و ئه‌وه‌یشه‌وه كه به‌خشیوته..

له ریوایه‌تێكدا ئه‌ڵێن: (٢٠٠)دووصه‌د ئۆقیه زێـڕی به‌خشـیوه، لـه‌م كاته‌دا عومه‌ری كوڕی خه‌تتاب به پێغه‌مبه‌ر ﷺ ئـه‌ڵێ : مـن وا ئـه‌زانم عه‌بدوڕڕه‌حمان تاوانێكی گه‌وره‌ی كـردووه .. چـونكه هیچـی بـۆ مـاڵ و خێزانه‌كه‌ی نه‌هێشتۆته‌وه..

پێغه‌مبه‌ر ﷺ لێی ئه‌پرسـێ : ئایـا هیچـت بـۆ مـاڵ و خێزانه‌كـه‌ت هێشتۆته‌وه ئه‌ی عه‌بدوڕڕه‌حمان ؟

ئه‌ڵێ: بـه‌ڵێ.. لـه‌وه‌ی كـه به‌خشـیومه زۆرتـر و چـاكترم بـۆ بـه‌جێ هێشتوون..

ئەفەرموێ : چەند؟

ئەڵێ: ئەو رۆزیی و چاکە و پاداشتەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی بەڵێنیان داوە..

هەروەها ئەبوعەقیل مشتێك خورمای هێنا و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ! دوو مشت خورمام دەست کەوتووە ـ لە کرێی ئیش کردن دا ـ مشتێکی ئەدەم بە قەرز بە پەروەردگارم و مشتێکیشی بۆ ماڵ و خێزانەکەم .

مرۆڤایەتیی شتی وای بە خۆیەوە نەدیوە و نایشی بینێ، مەگەر لە سایەی بەرنامەی خوادا.. مەگەر کۆمەڵێك ئەم کارە پیرۆزە ئەنجام بدەن و ئاوا بەرژەوەندیی خۆیان و ماڵ و خێزانەکەیان بخەنە ئەولاوە ، کەوا بە تەمای بەهەشت بن.. بە تەمای پاداشتی پەروەردگار بن..

مشتێك خورما بۆ خێزانێك .. مشتێکیش لە رێی خوادا !

چ بیر و هۆشێکە وای کردووە عەبدوررەحمانی دەوڵەمەند و ئەبوعەقیلی هەژار سامانەکەیان لەت بکەن؟

ئەمە تێگەیشتنێکی بەرزی ئیسلامییە! یارمەتیی بە پێی توانا و لێبڕانیش تا ئەوپەڕی سنوور..

بەڵام مونافیقە دڵ رەشەکان کەوتنە چرپ و چاپ و رەخنەگرتن لە هەردوو موسڵمانەکە و ئەیان وت:

ئەوەی عەبدوڕڕەحمان بەخشیی بۆ ریـایی بـوو و ، ئەشـیان وت :
ئایا خوا و پێغەمبەر چ پێویستییەکیان بە مشتە خورمای ئەوەیە؟!

یا ئەیان وت: ئەمیش هەر ئەیویست ناوی بکەوێتە ناو ناوانەوە.

مونافیقان بە هـیچ شـێوەیەك لـە هـیچ موسـڵمانێك رازیـی نـابن.. هەرچی بکات ـ ئەگەرچیی خواپەرستیی و خزمـەتی ئیسـلامیش بـێ ـ ئەوا ئەگەڕێن تا ـ بە شێوەی دڵە رەشە نیازپیسە لارو وێرەکەی خۆیـان ـ بە لارو وێر بیدەنە قەڵەم..

سەیری رەفتاری خۆیان ئەکـەن کـە هـەمووی سـاختە و رووکـەش و ریاییە ، ئیتر وا ئەزانن هەموو کەسێك هەر وایە .. ئەو ترسـنۆکانە لـە جادەی پاندا سنگ دەرئەپـەڕێنن و رەخنـە لـە موسـڵمانەکان ئـەگرن ، کاتێکیش ئیسلام کەوتە تەنگانەوە ، خۆیان ئەدزنەوە و هـەروەك خۆیـان ناکەن بە خاوەنی ئیسلام ، ژێر بـە ژێریـی لەگـەڵ دوژمـنی کـافریش دا دەست تێکەڵ ئەکەن تا لێیان رازیی بێت و ماوەیان بدات زمـان درێـژیی بکەن ، گوایە بەرگریی لە ئیسلام ئەکەن ..

ئەم کەین و بەینەی مونافیقان و کافران پێویستە موسڵمانەکان زۆر لێـی وریا بن .. پێویستە بزانن کێ بە ئاشکرا و بە نهێنیی دۆستی ئیسـلامە ! کلیلی دەرکەوتنی ئەمەش بۆ موسڵمان ، خواناسییەکی پڕ دڵسۆزییە..

دەست گرۆیی موسڵمانەکان ـ بە پیاو و ئافرەتـەوە ـ هێشـتا بەشـی هەموو موسڵمانەکانی نەئەکرد. چونکە ئەو ساڵە مەدینە کەم دەرامـەت

بــوو.. ئــەوەبوو دوای بەخشــینەوەی هــەموو یارمەتییــەك بەسەر موسڵمانە هەژارەکان دا ، کۆمــەڵێك موســڵمانی دەســت کــورت هاتنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و داوای یارمەتییان لیّ کرد .

جا لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ هیچی بە دەســتەوە نەمابوو گێڕانیەوە دوا و، ئەوانیش لە داخی ئەوەی کــە نــەیان ئــەتوانیی بەشداریی جیهاد بکەن دەستیان کردە گریان..

دەستیان کردە گریان..

لەبەر چیی؟!

لەبەر ئەوەی کە توانایــان نــەبوو بگەنــە مەیــدانی جــەنگ.. بگەنــە مەیدانی پیاوان و بەغیرەتان! نەیان توانیی بگەنە شوێنی شەهیدبوون !

موسڵمانی تێگەیشتوو، لەو نەخۆشــەی کــە دڵــی بــۆ ئــاو ئــەگریّ و تینوویەتیی ناشکیّ ، زیاتر دڵی بۆ شەهیدیی ئەگرِیّ..

شەهیدیی ئامانجی هەرە گەورەی موسڵمانەکانە ، بۆیە کام شوێنە پڕ مەترســییە لــە مەیــدان دا ، ئــەوان بــۆ ئــەویّ ئەکۆشــن، بەشــکوم بــە شەهیدیی بگەن و دەستی لە مل بکەن..

بەڵام ئەوانەی گیان خۆشەویستن.. سامان پەرستن ، ئەوانە یا هێشــتا لە ئیسلام نەگەیشتوون، یا مونافیقی دڵ کافر و دەم موســڵمانن ، کــەوا بڕوایان ئەوەندە بە ئیسلام نیە وا سەروماڵیان بەلاوە حەیفــە لــە پێنــاوی ئیسلام دا بەخت بکریّ ..

# هەڵمەتی شێرانە

بەڵێ موسڵمانەکان ، هەرچییان توانای جەنگیان هەبوو، لەم جەنگە ناهەموارەدا هەموویان بەشدارییان کرد جگە لە سێ موسڵمان ..[٢] بەلاَم مونافیقەکانی مەدینە لەبەر ئەوەی دڵە رەشەکانیان خاڵی بوو لە ئیمان و لەبەر ترسنۆکیی و ژیان و سامان خۆشەویستییان ، کەوتنە بڕو بیانوو تا بەشداریی جیهاد نەکەن و ، هەمە جۆر بڕو بیانوویان دۆزییەوە تا خۆیان بدزنەوە ، جا بۆ ئەوەی ئەندامانی پیڕە گلاّوەکەیان بە تەواویی ئاشکرا نەبن، کۆمەڵێکیان دروست کرد تا بە چپە و چرپ وچاپ موسڵمانەکان لە جیهاد سارد بکەنەوە ، بۆ ئەوەی دەستەیان زۆر بێت و دەرنەکەون .. کەچیی هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز دڵی موسڵمانەکانی لە ئیمان پڕ ئەکردەوە و بڕیاری بەخت کردنی سەروماڵیان ئەدایەوە .. بڕیاریان ئەدا کەوا بە جیهاد ئالاّی ئیسلام بەرز ئەبێتەوە و، خوێن و سامانی موسڵمانیشە سووتەمەنیی و هێز و پێزی جیهاد .. ئەو مونافیقانەش کە ترس و لەرز و گیان خۆشەویستیی و بەرژەوەندیی تایبەتیی و خۆپەرستییان وا پاڵیان پێوە ئەنێ تا نەوێرن بەرامبەر بە دوژمنی خوانەناس بووەستن ، ئەوانەش بە ئاسانیی رووڕەشی هەردوو جیهان ئەبن.

[٢] کە ئەمانە بوون : کەعبی کوری مالیك ، مەرارەی کوری رەبیع ، هیلالی کوری ئومەییە .

بۆیە لەشکری ئیمان لـە هـەموو لایەکـەوە رووی کـردە مەدینە و هۆزەکـان بەشـدارییەکی پیاوانـەیان کـرد ، چ لـە پێشـکەش کردنی سەربازی جەنگاوەردا و ، چ لە درێژکردنی دەستی یارمەتییدا بـۆ بەرێ کردنی لەشکر..

لەشکری خوانـاس بـە سـەرکردایەتیی تاقـە پێشـەوای مرۆڤایـەتیی پێغەمبەری خوا ﷺکەوتە رێ ، لـە مـانگی رەجـەبی سـاڵی نۆیـەمی کۆچـییدا (٣٠) هـەزار موسـڵمان ـ کـە دە هـەزاریان سـوار بـوون ـ مەدینەیان بەجێ هێشت و لە قوڵەی گەرمای هاویندا ، بە بیابانی گەرم و وشكدا ، بۆ بەگژاچوونی ئیمپراتۆریـەتی رۆمـی درنـدە و سـەرکەش، بەرەو ژوور بۆ ناوچەی تەبووك ، کەوتنە رێ .. هەتا گەیشتنە ( حیجر ) ی شوێنەواری کۆنی قەومی ثـەموود.. ئەم ناوچـەیە زۆر وشـك و بێئـاو بوو ، بۆیە موسڵمانەکان بە دەست تینوویەتییـەوە زۆر پەرێشـان بـوون، ناچار وشتریان سەر ئەبڕیی و ناوسکەکەیان ئەگوشیی ، جا ئەگەر خـوای خاوەن بەزەیی ـ بەو هاوینە و لەو شوێنەدا ! ـ بارانی نەباراندایە زۆرێـك لە موسڵمانەکان تیا ئەچوون .

موسڵمانەکان لەژێر چـاودێریی خـوای گـەورەدا گەیشـتنە تـەبووك ، سەیر ئەکەن ئەو لەشکرەی کە کاروباری لایەکی جیهانی ئـەو رۆژەی بـە دەستەوە بوو ، لە ترسی لەشـکری موسـڵمانەکان بـەرەو ژوور کشـاوەتە دواوە..

لە تەبووك‌دا خوای گەورە ڕێزێکی وەهای لە عەبدوڕڕەحمان گرت، کە هێشتا ئەو ڕێزەی لە کەسی تر لە موسڵمانەکان نەگرتبوو .. ئەوەبوو کاتی نوێژ هاتە بەرەوە و پێغەمبەری خوایش ﷺ ئامادە نەبوو ، بۆیە عەبدوڕڕەحمان پێش نوێژیی بۆ موسڵمانەکان کرد . هەر بە تەواوبوونی ڕەکاتی یەکەم ، پێغەمبەری خوا گەیشتەوە لای نوێژکەرەکان و ، لە پشتی سەری عەبدوڕڕەحمانەوە نوێژەکەی بەجێ هێنا..

لەشکری موسڵمانەکان گەیشتە ئەو نەخشەیەی کە پێغەمبەر ﷺ بۆی کێشابوو، کە بریتیی بوو: لە ڕێ نەدان بە لەشکری ڕۆم تا هێرش نەکاتە سەر مەدینە .. چونکە هەر بە هاتنی ڕۆمەکان ، ورەی موسڵمانەکان ئەڕووخا و ئیسلام ئەکەوتە مەترسییەوە .. بۆیە پێویست بوو جەنگ لە خاکی ئیسلام دوور بخرێتەوە .. ئەمەش لایەکی دانایەتیی و بیرتیژیی پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ پیشان ئەدات .

لە سەرەتاوە ڕۆمەکان بە بیریاندا نەئەهات کەوا موسڵمانەکان لەوان خێراتر بەرەو تەبووك ئەکوتن و مەردانە قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە ، ئەوەندەیان بۆ هات تەبووك چۆڵ بکەن و بە پەلە بکشێنەوە دواوە.. بە شوورەییان زانی لەبەردەم لەشکری تازەپێگەیشتووی ئیسلام‌دا بکشێنەوە و هەڵ بێن!

ئەم کشانەوە ترسنۆکانەی ڕۆم بووە هۆی پشت ساردبوونەوە و ورە بەردانیان و بەرزبوونەوەی ورەی موسڵمانەکان..

بەم شێوەیە موسڵمانەکان نزیکەی بیست ڕۆژ لە ناوچەی تەبووکدا مانەوە ، بە نیازی چاوەڕوانیی گەڕانەوەی لەشکری ڕۆمەکان ، بۆ ئەوەی سنووری باکووری دەوڵەتی ئیسلامیی پارێزراو بێت ، پاشان پەیمانیش لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا ببەستن و ، کارێکی وا بکەن بانگی ئیسلامیی بە سەربەستیی لەو ناوچانەدا بڵاو ببێتەوە .. بۆیە دوای ئەوەی بەم کارانە هەڵسان ، بەرەو شاری پێغەمبەری خوا و پایتەختی دەوڵەتی ئیسلام کەوتنە ڕێ..

بەڵێ ، هێرش‌بردنی موسڵمانەکان بۆ ناوچەی تەبووک بەو هاوینە گەرمە و هەڵاتنی لەشکری زۆر و زەبەندەی ڕۆمەکان ، سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەبوو بۆ ئیسلام و لەو لاشەوە تێ‌شکانێکی یەکجار گەورە بوو بۆ ڕۆمەکان و عەرەبە بت‌پەرستەکان و مونافیقەکان .. چونکە نە موسڵمانەکان و نە ناموسڵمانەکانیش بە بیریاندا نەئەهات کەوا لەشکری ئیسلام بتوانێ ڕوو بکاتە لەشکری ڕۆم چ جای ڕاونانی بەبێ جەنگ .. ئەمە ورەی موسڵمانەکانی وەها بەرزکردەوە تا بیر لە ڕزگاریی هەموو گەلانی سەرزەویی بکەنەوە و هەوڵی حەسانەوەیان بدەن لە سایەی قورئانی پیرۆزدا ، بۆ بەدیی هێنانی بەڵێنەکانی قورئان و مژدەکانی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ.

ئەو هۆزانەش کە لەوەو پێش پشتیان بە ڕۆم ئەبەست بۆیان دەرکەوت کە تازە ڕۆم بە کەڵکی ئەوان نایەت و پێویستە ـ بۆ پارێزگاریی بوون و قەوارەیان ـ خۆیان لەگەڵ موسڵمانەکاندا ڕێك بخەن ، چونکە ئەمان

لەشکری رۆمیان راو نابێت ، ئـەوا هێـزی هۆزەکـان چـۆن ئـەتوانێ دژیان بوەستێ ، بۆیە نێرراوانی ئەو هۆزانە هاتنە مەدینەی پایتـەخت و موسڵمان بوونی خۆیان و هۆزەکانیان دەربڕیی.

لەلایەکی ترەوە پێغەمبەر ﷺ سنووری لای باکووری بە پەیمان بەسـتن لەگەڵ هەندێ لە هۆزەکاندا و بە موسڵمان بوونی هەندێکی تریان ، قایم کـرد ، ئەمــەش بــووە چاوســاغییەك بــۆ لەشــکری رزگــاریی خــوازی ئیسلامیی تا بتوانێ کوتەکی کاریگەر بە تەوقەسەری ستەمکارە خـوێن مژەکاندا بدات و هۆزە چەوساوەکان رزگار بکات ..

# ئیمانداری گوێڕایەڵ

تا پێغەمبەری خوا ﷺ لە ژیاندا بوو عەبدوڕڕەحمان سەربازێکی دڵسۆزی گوێڕایەڵ بوو، لەبەر دەستیدا، کە کاروباری موسڵمانەکانیش کەوتە دەست خەلیفە راشیدەکان ـ خوا لە هەموویان رازیی بێ ـ ئەوا عەبدوڕڕەحمان مەردانە ملکەچی فەرمانیان بوو .. مەردانە بەشداریی رزگارکردنی ئادەمیزادی ئەکرد..

هەر لە یەکەم رۆژدا بە وێنەی سەربازێکی بەوەفا دەرکەوت.. ئەوەبوو حەزرەتی ئەبوبەکر ـ بە پێ ئەڕویشت و ئوسامەی رەوانە ئەکرد کە سواری ولاغەکەی بوو ، لەو رۆژەدا عەبدوڕڕەحمان جڵەوی ولاغەکەی ئەبوبەکری را ئەکێشا خوا لە هەموویان رازیی بێت..

رۆژێك بوو، کە هەر هەمووی خۆشەویستیی و رێز و برایەتیی و خزمەت گوزاریی بوو ، بۆیە ئەو رۆژە رۆژی سەربەرزیی موسڵمانان بوو..

عەبدوڕڕەحمان بە حوکمی ژیریی و سەلیقە و خزمەت گوزاریی لە ئیسلامدا یەکێك بوو، لەو چەند پیاوەی، کە بۆ کاری گرنگ خەلیفە ئەبوبەکر راوێژی پێ ئەکردن خوا لێیان رازیی بێ ئەوەبوو بۆ نەخشەی جیهادی رۆم پرسیشی بە عەبدوڕڕەحمان کرد، ئەویش بەوپەڕی

دڵسۆزییەوە رای خۆی دەربڕیی کە دەسەڵاتی رۆم بێشومارە و موسڵمانەکان هەروا راستەوخۆ نەچنە بەردەم هێزیان ، بەڵکو بە لەشکر و هێرشی بچکۆلە زیان بە سنوورەکانیان بگەیەنن و چاوترسێنیان بکەن، دوای ئەوە خەلیفە بنێرێت بۆ لای هەموو هۆزەکانی دوورگەی عەرەب تا جەم بن و بە لەشکرێکی گەورەوە بە گژیاندا بچێت .

خەلیفە ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێت لە سەرەمەرگیدا ناردی بە دوای عەبدوڕڕەحماندا و پێی فەرموو : لە بارەی عومەرەوە هەواڵم بدەرێ.

عەبدوڕڕەحمان وەڵامی دایەوە : لە هەر کارێك پرسیارم لێ بکەیت خۆت پێی زاناتری لێم . وتی : ئەگەرچیی واش بێ .

وتی: بەخوا ، ئەو لە هەموو ئەوانە چاکترە کە تۆ بە شیاوی خەلافەتیان ئەزانی .. هەر لەو نەخۆشییەیدا ئیمام ئەبوبکر ئامۆژگاریی عەبدوڕڕەحمانی کرد کەوا ئیسلام دەسەڵاتێکی پەیدا کردووە و بەرە بەرە دنیاش روو لە موسڵمانان ئەکات و ، زێڕ و زیو و ئاوریشم و جل و بەرگی نەرم و ناسك بۆ موسڵمانان دەست ئەدەن . جا با ئیمانداران وریای ئەم داوە شەیتانییەی دنیا بن و خۆیان تەسلیمی نەکەن !!

عەبدوڕڕەحمان خاوەنی رێزێکی تایبەتیی بوو بەلای خەلیفە عومەرەوە .. ئەوەبوو هەر کە حەزرەتی ئەبوبەکر خوا لێی رازیی بێت کۆچی دوایی کرد ، عومەری خەلیفە خوا لێی رازیی بێت ئەوانەی کە بە ئەمین و دەست پاکی ئەزانین بانگی کردن و لەگەڵ عەبدوڕڕەحمان و

عوسمـاندا خـوا لـه هـەموویان رازیـی بێـت چـوون بـۆ ( بيت المال ) ی خەلیفە ئەبوبەكر .. كە چوونە ژوورەوە نە دیناریك و نـە دیرهەمێكیان نەدیی ، ئەوە نەبێ كە لە توورەكەیەكی فڕێدراوی پـارەدا تاقە دیرهەمێكیان لە ناویدا دۆزییەوە..

هـەروەها كـە خەلیفـە عومـەر بیسـتی وا ئەبوعوبەیـدەی كـوڕی مەسعوود شەهید كرا و خەریكە فارسەكان ورەیان بەرز ئەبێتەوە ، هاتـە سەر ئەوە كە خۆی بە لەشكرێكەوە بەرەو فارس بكەوێتە رێ و هەندێ لە هاوەڵانیش پشتگیرییان بۆ ئەو رایەی دەربڕیی ، كەچـیی عەبـدوڕڕەحمان بە پێچەوانەوە ئەو بۆچوونەی بە دڵ نەبوو و خەلیفەی لەوە قەدەغە كرد.

عەبدوڕڕەحمان ئەڵێت : دوای پێغەمبەر ﷺ چ لەوەو پێش و چ لـەوەو پاش دایك و باوكم بە قوربانی هیچ كەس نەكردووە . وتم : دایك و باوكم بە قوربانت بن ، شـوورەیی ئـەم كـارە بخـەرە ئەسـتۆی منـەوە . خـۆت دانیشە و لەشكر بنێـرە .. چـونكە شـكانی لەشـكرەكەت وەك شـكانی خۆت نیە. خۆ ئەگەر لەم سەرەتاوە تۆ بكوژرێیت یا بشكێیت ، ئەترسـم موسـڵمانەكان ( أللّه أكـبر ) بـە دەمیـاندا نەیـەت و هـەرگیز نـەتوانن شاهێدیی بە ( لا إله إلا الله ) بدەن ..

هەر ئەم متمانەیـە بـوو كـە عومـەر زۆر جـار عەبـدوڕڕەحمانی بـۆ هاوەڵێتیی پاسەوانیی موسڵمانان هەڵ ئەبژارد . یەكێك لەو شـەوانە كـە پێكەوە بوون ، ئەو شەوە بوو كە خەلیفـە ئاگـاداری لـە شـیر بڕینـەوەی

منداڵەکە بوو لە ئەنجامدا ئاگادارییەکی جوانی بۆ موسـڵمانان بـڵاو کردەوە تا لە شیربڕینەوەی منداڵەکانیاندا پەلە نەکەن .

عەبدوڕڕەحمان بە دڵسۆزانە ئامۆژگاری کەری خەلیفە عومـەر بـوو . ئەوەبوو ماوەیەك خەلیفە چاوی بۆ موسڵمانێك گێڕا کەچیی دیـار نـەبوو .. بۆیە بە عەبدوڕڕەحمانی وت : با بچین بـۆ مـاڵی فلاّنـە کـەس بـزانین دەنگ و باسی چیە ؟

کـە هـاتن ئـەبینن وا دەرگـای ماڵەکـەیان کراوەتـەوە و پیاوەکـە دانیشتووە و ژنەکەی شتێك ئەکاتە قاپێکـەوە و دەرخـواردی پیاوەکـەی ئەدات . عومەر فەرمووی : ئەمەیە ناپەرژێ بە لامانەوە .

عەبدوڕڕەحمان وتی : جا تۆ چووزانیت قاپەکە چیی تێدایە ؟

عومەر پرسیی : ئایا ئەترسیت کە ئەمەش جاسووسیی بێت ؟

وتی : بەڵێ ، ئەمە جاسووسـییە ، پرسـیی : دەی لەمـە چـۆن تۆبـە ئەکرێت ؟ وتی : ئەمەی کە لە بارەیەوە زانیوتە هیچی بـاس نەکـەیت و لە دڵیشتدا جگە لە چاکە هیچ نەبێت .. دوای ئەوە گەڕانەوە !

عەبدوڕڕەحمان یەکێك بوو لەوانەی کـە لـە سـاڵی گرانییـدا خەلیفـە عومەر خوا لێیان رازیی بێ هەڵی بژارد بۆ دابەشکردنی ئەو کۆمەکییەی کە لە میصرەوە لەلایەن عەمرەوە بۆ پایتەخت و دەوروبەری نێـررا بـوو، بەسەر موسڵماناندا . ئـەوەبوو وشـترێك بـە بـارەوە بـە یەکـە یەکـەی ماڵەکان ئەدرا ، تا خۆراکەکەی بخۆن و وشترەکەش سەر ببڕن و کەڵك لـە

گۆشت و چەوریی و چەرمەکەی وەربگرن و دەفری خۆراکەکەش بکەنە پێخەف و راخەر . تا خوا دەرووی لە موسڵمانەکان کردەوە .

عەبدورڕەحمان لەناو هاوەڵە ناودارەکاندا ، کە لە دەوری خەلیفە عومەر بوون و یارمەتییان ئەدا، لە هەموویان زیاتر لە خەلیفە دەچووە پێشەوە و پێویستیی و خواستی موسڵمانی ئەخستە بەردەمی ، بۆیە بە هەموویانەوە ئەویان دەست نیشان ئەکرد و ئەیان ناردە خزمەتی .

لە کاتێکیشدا خەلیفە عومەر زامدار بوو لەسەر جێ کەوتبوو ، موسڵمانەکان داوایان لێ کرد خەلیفەیان بۆ هەڵ بژێرێ . ئەویش وای بە چاك زانیی شەش کەس لە چاکترینی هاوەڵان هەڵ ببژێرێت تا ئەوان بە ویستی خۆیان یەکێك لەو شەش کەسە بکەنە خەلیفە . دیارە یەکێك لەو شەش کەسە عەبدورڕەحمان بوو کە بە سەلیقەی جوانی توانیی دەست نیشانی خەلیفە بکات کە ئەوەبوو بە پێنج هاوەڵەکەی تری وت :

کارەکەتان بخەنە دەستی سێ کەستانەوە . واتە سێ کەستان وازی لێ بهێنن و هەر یەکەتان بە یەکێك لە سێ کەسەکەی تری بسپێرێ . بەمە زوبەیر وازی لێ هێنا بۆ عەلیی و ، طەلحە بۆ عوثمان و ، سەعدیش بۆ عەبدورڕەحمان . دیسان رایەکی تری جوانی خستە بەردەم عوثمان و عەلیی خوا لە هەموویان رازیی بێت کەوا کامتان واز لە خەلیفایەتیی دێنێ بەو مەرجەی ماوەی هەبێت یەکێکمان هەڵ ببژێرێت؟ هیچ کامیان

وەڵامیان نەبوو .. ئەمجار پرسیی : ئایا بە دەستی مــنی ئەسـپێرن ؟ سوێند بەخوا لە هەڵ بژاردنی چاکترینیان‌دا درێغیی ناکەم.

کە ماوەیان دا ئەویش ئیمام عوثـمانی هەڵ بژارد و بەیعەتی پێ دا..

لە ریوایەتەکەی ئیمام بوخارییدا عەبدوڕڕەحمان دەری ئەبڕێ کـە ئـەو خۆی حەزی لە خیلافەت نیە و گـەر مـاوەی بـدەن خەلیفـەیان بـۆ هـەڵ ئەبژێرێت .. ئەوانیش ماوەیان دا و لەو چـەند شـەوانەدا راوێـژی لەگـەڵ موسڵمانەکاندا کرد و رای وەرگرتن ..

میسوەری کوڕی مەخرەمە خـوا لێـی رازیـی بێـت کـە ریوایەتەکـە ئەگێڕێتـەوە ئـەڵێت : دوای تێپـەڕبوونی بەشـێکی شـەو عەبـدوڕڕەحمان تەقەی لە دەرگا دا .. توند لە دەرگای دا و بەخەبەری کردمەوە و وتـی: ئەڵێی خەوتووی ؟ دە بەخوا ئەمشەو ئەوەندە نەخەوتووم . هەستە بـڕۆ ، زوبەیر و سەعدم بۆ بانگ بکە . هەردووکیانم بـۆ بـانگ کـرد و راوێـژی لەگەڵدا کردن . پاشان بانگی کردم و وتـی : عـەلییم بـۆ بـانگ بکـە . منیش بۆم بانگ کرد و تا نزیکەی کۆتایی شەو قسەی بۆ کـرد.. پاشـان عەلیی لەلای هەستا و عەبدوڕڕەحمان دڵی خۆش بـوو ، چـونکە ئەترسـا عەلیی شتێك ئەنجام بدات. پاشان پێی وتم:

عوثـمانم بۆ بانگ بکە . منیش بۆم بانگ کرد و تا بـانگی بـەیانیی قسەی بۆ کرد.

کاتێ خەڵکەکە نوێژی بەیانییان بەجێ هێنا و ئامادەبووانی ئەو نوێژە لە دەوری مینبەر کۆڕیان بەست ، عەبدوڕڕەحمان ناردی بەدوای ئەو موهاجیر و ئەنصارانەدا، کە لە مەدینە بوون . هەروەها ناردی بەدوای فەرماندەکانی سوپادا کە ئەوەبوو هەر هەموویان گەڕابوونەوە تا لە خزمەتی خەلیفە عومەردا حەجی ئەو ساڵە بکەن..

کاتێك کە هەموویان کۆبوونەوە عەبدوڕڕەحمان شایەتمانی هێنا و پاشان وتی : ئەی عەلیی ! سەرنجی هەموو ئەم خەڵکەم داوە نەمدیوە هیچیان هاوسەنگیی عوثمان بکەن ، هیچ ڕێگایەك بە نەفست نەدەیت..

عەبدوڕڕەحمان چاك لە تەقوا و خواناسیی ئیمام شارەزایە ، ئەم وتانەشی ئەوە ئەگەیەنن کە دوای ئیمام عوثمان ئیمام عەلیی شایانی خیلافەتە ، بەڵام هێشتا لە داو و تەڵەکەی شەیتان ئەترسێت..

دوای ئەوە دەستی عوثمانی گرت خوا لە هەموویان ڕازیی بێ و وتی: لەسەر سوننەت و ڕاڕەوی خوا و سوننەت و ڕاڕەوی پێغەمبەرەکەی و هەردوو خەلیفەکەی دوای ئەویش بەیعەتت پێ ئەدەم.

ئەوەبوو دوای بەیعەتەکەی ئەو خەڵکەکە : بە موهاجیر و ئەنصار و فەرماندەکانی سوپا و تێکڕای موسڵمانانەوە بەیعەتیان پێ دا.

ئەبو هەییاجی ئەسەدیی ئەڵێت : طەوافی کەعبەم ئەکرد ئەبینم پیاوێك ئەڵێت : ( أللهم قني شح نفسي ) و لەوە زیاتر هیچ ناڵێت .

منیش پرسـیاری ئـەوەم لـیێ کـرد ، وتـی : ئەگـەر مـن لـە رژد و چـرووکیی دەروونم پـارێزراو بم ئـەوا نـە دزیـی و نـە زینـا و نـە هـیچ کردەوەیەکی خراپ ناکەم. سەیرم کـرد پیاوەکـە عەبـدوڕڕەحمانی کـوڕی عەوفە خوا لێی رازیی بێت .

# دەوڵەمەندی خواناس

پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێی نەخشەی پەروەردگار ، دوای تەواوکردنی ئەرکی سەرشانی .. دوای دامەزراندنی پایەی دەوڵەتی قورئـان .. دوای پەروەردەکردنی کۆمەڵێکی نایابی بێوێنــە لــە هــەموو مێـژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتییدا کۆچی دوایی کرد .

بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ کۆمەڵێك موسڵمانی خواناسی یەکگرتووی بەجێ هێشت ، ئەویش دوای تێگەیاندنی ئەندامــەکانی و ، راهێنانیــان لەسەر بەخت کردنی سەروماڵیان لە پێناوی خوادا لە بەرزترین پلەیەکدا کە مرۆڤایەتیی چاوەڕوانی بکات ..

یـــەکێك لـــە ئەنـــدامانی کۆمـــەڵی موســـڵمانی خۆنەویســـت ، عەبـدوڕڕەحمانی کـوڕی عــەوف بـوو ، دوای کـۆچ کردنــی پێغەمبــەری خۆشەویستی ﷺ زیـاتر لـێ بـڕا بـۆ خزمـەت کردنـی موسـڵمانەکان و بەهاناوە هاتنیان بە تایبــەتیی ســەروکاریی کــردن و چـاودێریی کردنــی دایکانی موسڵمانەکان، کەوا هەرچیی پێویستییەکیان بوایــە بـۆی جـێ بەجێ ئەکردن و ، هەرکاتێك لە ماڵ دەرچوونایە ئەو لەگەڵیان ئەبوو و ، ئەگەر حەجیان بکردایە ، حـەجی لەگـەڵ ئـەکردن، بـە قوماشـی سـەوز

کەژاوەی سەر وشتری بۆ ئەڕازاندنەوە ، تا لەناویدا سوار ببن .. لە هەر کوێ لەلایان باش بوایە لەوێ دای ئەبەزاندن ..

بەم شێوەیە عەبدوڕڕەحمان بە وێنەی موسڵمانێکی بەوەفای مەرد ئەیزانێ چۆن بە دەوری خۆی هەڵدەسێ بەرامبەر بە خێزانەکانی پێغەمبەر و دایکانی ئیمانداران.

ئەمەش فەخر و شانازییە بۆی تا لە بەرزترین پلەدا لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژوودا تۆمار بکرێت ..

هەتا ئەوەبوو ـ بۆ نموونە ـ عەبدوڕڕەحمان جارێکیان پارچە زەوییەکی ئەفرۆشێت بە چل هەزار دینار و هەر هەمووی بەسەر نەوەی زوهرە و هەژارە موسڵمانەکان و موهاجیرەکان و خێزانەکانی پێغەمبەری خواداﷺ ئەبەخشێتەوە..

جا کاتێ کە بەشە بەخششەکەی دایکی ئیمانداران نارد خوا لێی رازیی بێت عائیشە فەرمووی : ئەم سامانە کێ ناردوویەتی ؟ وتیان : عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف . فەرمووی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ( دوای من جگە لە ئارامگرەکان هیچ کەس دڵنەواییان ناکات ).

ئەوەبوو هەموو جارێك عەبدوڕڕەحمان هەر سامانێکی لە رێی خوادا ببەخشیایە ، پێغەمبەر ﷺ داوای فەڕ و پیرۆزیی بۆ ئەکرد، ئەم داوا پڕ بەختیارییە رۆژ لە دوای رۆژ خێرو بێری بەسەر عەبدوڕڕەحمان و

سامانەکەیدا ئەڕژاند ، تا وای لیٚ هات لەناو هاوەڵاندا بووە یەکەم دەوڵەمەند و سامان دار و ، بازرگانییەکەشی هەتا ئەهات لە پەرەسەندن و زیادکردندا بوو و ، کاروانەکانیشی هات و چۆی وڵاتانیان ئەکرد و بۆ بەرژەوەندیی گشتیی و تایبەتیی لە گەنم و ئارد و رۆن و جل بەرگ و جۆرەها قاپ و قاچاغ و بۆنخۆشیی و هەموو پێویستییەکانی کۆمەڵگای شاری پێغەمبەری خوایان پڕ ئەکرد و ، هەرچییش دەرامەت و بەروبوومی زیادەی موسڵمانان بوو ئەیان برد بۆ وڵاتانی دوور تا بە نرخەکەی پێویستیی موسڵمانان پەیدا بکەن ..

عەبدوڕڕەحمان کە بازرگانیی ئەکرد ، مەبەستی لە کۆکردنەوەی پارە و سامان نەبوو .. نەیئەویست ناو و شۆرەتی دەوڵەمەندیی دەربچیٚ .. نەیئەویست بە بۆنەی سامانەکەیەوە خەڵکیی - بە تایبەتیی کاربەدەستان - رێزی لیٚ بگرن.. نەیئەویست بە قازانجی بازرگانییەکەی وڵات یەکلایی بکاتەوە بۆ خۆی .. نەیئەویست موسڵمانەکان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی رام بهێنیٚ .. نەیئەویست خوێنی هەژار و داماوان بمژیٚ تا کۆشك و تەلار پێکەوە بنیٚ و سامانێکی زۆر بۆ منداڵەکانی بەجیٚ بهێڵیٚ.

عەبدوڕڕەحمان - کە نموونەی موسڵمانێکی تیٚگەیشتوو بوو لە ئیسلامیی بیٚگەرد - بۆ ئەمانە بازرگانیی نەئەکرد.. چونکە ئەرکی سەرشانی موسڵمانی دەوڵەمەندی ئەزانی .. ئەیزانیی ژیان بریتییە لە هەوڵ و کۆششێکی بیٚوچان .. ئەیشی زانیی ئیسلام - کە دینی خوایە -

جیاوازیی ناخاته نێوان ئەم ژیانە و ژیانی دواییەوە ، بەلاَم ئەوەتا ئەم ژیانە ئەکاتە هۆ بۆ بەدەست هێنانی کامەرانیی و شادمانیی ئەو ژیانەکە .. موسلّمان لەسەر هەولّ و کۆششی بێوچان پەروەردە ئەکا ، لە هەمان کاتیشدا رای ئەهێنێ تا بتوانێ دەست بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانییەوە بنێ و ، بۆ دلّدانەوە و بەهاناوە گەیشتنی موسلّمانەکان ، بەلّکو مرۆڤایەتیی لە خۆی ببوورێت .

بەلّێ بەم گیانە بەرزەوە عەبدوڕڕەحمان بازرگانیی ئەکرد.. بە هەموو لایەکدا سامانی ئەبەخشییەوە ، خواش لە هەموو لایەکەوە سامانی بۆ ئەگەیاند .. دیارە کلیلی ئەم سەرکەوتنەش تەنها دلّسۆزیی و لە خواترسان و دوورەپەرێزیی لە فیز و ریایە ..

رۆژێکیان کاروانێکی عەبدوڕڕەحمان ـ کە بریتیی بوو لە حەوت صەد وشتر ـ گەیشتەوە مەدینە کەوا خۆراك و کەل و پەل و هەموو پێویستییەکی کۆمەلّی موسلّمانانی پێ بوو .

هەر کە هاتە ناو شارەوە ، بوو بە هەرا و گالّەیەکی گەورە .. تەپ و تۆز و بێنە و بیبەی خەلّکیی ، دانیشتوانی شاری هەراسان کرد .. خەلّکیی هەمووی گوێ قولاّخی دەنگ و باس بوون .. بۆیە عائیشەی دایکی موسلّمانان خوا لێی رازیی بێت پرسیاری کرد :

ئەم قالّە قالّە چیە؟

وتیان : ئەوە کاروانی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوفە ، حەوت صەد وشترە ، گەنم و ئارد و خۆراکی هێناوە .

عائیشە فەرمووی:

خوا فەڕ و پیرۆزیی بخاتە ئەو سامانەوە کە لەم جیهانە پێی بەخشیوە ، بەلاّم پاداشتی ئەو جیهان گەورەترە .. لە پێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە کە ئەیفەرموو : ( عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف بە گاوگۆلکێوە ئەچێتە بەهەشت ).

کۆمەلّی موسلّمانان و کۆمەلّی نەفامیی جیاوازییان زۆرە .. جا هەروەك ئەندامانی کۆمەلّی نەفامیی خەریکی فات و فیت و ئاژاوە و دووبەرەکیین ، لەولاوە هەموو ئەندامێکی کۆمەلّی موسلّمان خەریکی گەیاندنی هەموو وشەیەکی باش و دلّخۆش کەرە .. بۆیە هێشتا کاروانەکەی عەبدوڕڕەحمان چۆکی دانەدابوو ، مژدەدەری خواناس کە فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ لە دەمی خاتو عائیشە بیست ، بە عەبدوڕڕەحمانی گەیاند ، چونکە ئەی زانیی گەیاندنی چاکە و ئامۆژگاریی و ئاگاداریی ئەرکی سەرشانی موسلّمانە و ، موسلّمانان برای یەکن و لە خۆشیی و ناخۆشییدا هاوبەشن .

هەر کە عەبدوڕڕەحمان مژدەی بەختیاریی کەوتە گوێ ، بە پەلە خۆی گەیاندە لای خاتو عائیشە و پێی وت : دایە گیان ، ئایا تۆ ئەمەت لە پێغەمبەری خوا ﷺ بیستووە؟

فەرمووی : بەڵێ .

لە خۆشیاندا خەریك بوو باڵی ئەگرتەوە و لە خۆشیی مژدەی سەرفرازییدا پێی نەئەکەوتە زەویی .. پاشان وتی:

ئەگەر توانییم و خوا بۆی کردم ئەبێ هەر بە پێوە بچمە بەهەشتەوە ، دایە گیان تۆ بە شاهید ئەگرم کەوا ئەم کاروانە وشترە هەمووی بە بار و کەل و پەل و هەموو شتێکەوە وا بەخشییم لە رێی خوادا ..

ئیتر لەوە بە دواوە .. دوای بیستنی مژدەی چوونە بەهەشت لە عائیشەی دایکی ئیمان داران ، عەبدوڕڕەحمان زیاتر لە جاران دەستی دایە بەخشین و سەرف کردنی سامانەکەی لە رێی خوادا ..

هەمیشە و هەردەم .. بە شەو و بە رۆژ .. بە راست و بە چەپدا .. بە ئاشکرا و بە پەنهانیی .. خەریکی بەخشین بوو .. خەریکی کڕینی بەهەشت بوو ، بەو رێگا پیرۆزەی کە ئیسلامی بێگەرد بۆ موسڵمانی لەخواترسی نەخشە ئەکێشێ .. نەك بەو شێوە سووك و ریسوایەی کە قەشەکانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خەریکی بوون بە دەست بڕینی خەڵکی چاوبەستراو و پارە کێشانەوە لێیان بە بیانووی فرۆشتنی بەهەشتەوە لە دوو توێی پسووڵەیەکدا ..

موسڵمانی تێگەیشتووی دەوڵەمەند ئەتوانێ بە سامانەکەی بەهەشت بکڕێ ، بەڵام بەلای خواوە ، نەك بەلای بەندەکانیەوە ..

موسڵمانی تێگەیشتوو ئەتوانێ بە سامانەکەی بەهەشت بکڕێ ، بە مەرجێك بۆ خوای بەخت بکا .. بە مەرجێك بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای قورئانی بەخت بکا .. بە مەرجێك خزمەتی ئەندامانی کۆمەڵی موسڵمانی پێ بکا، بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە !

وتمان دوای مژدەی بەختیاریی عەبدوڕڕەحمان دەستی نا بە سامانەکەیەوە و خواش دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کرد.. جا دەستی خوا لە کوێ و دەستی بەندە لە کوێ ؟!

ئەوەبوو جارێکیان چل هەزار دیرهەم زیوی بەخشیی . دوای ئەوە چل هەزار دینار زێڕیشی بەخشیی ، پاشان دووصەد ئوقیە زێڕی بەخشیی .. دیسان پێنج صەد ئەسپی لە ڕێی خوادا بۆ سواربوونی موسڵمانە جیهادکەرەکان بەخشیی .. جارێکی تریش هەزار و پێنج صەد وڵاغی بۆ هەڵگرتنی موسڵمانە دەستکورتەکان بەخشیی.

کاتی سەرەمەرگیشی خوا لێی ڕازیی بێت خەڵکێکی زۆری لە بەندەکان ئازاد کرد .. هەروەها وەسیەتیشی کرد کەوا هەر یەکە لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ و خوا لە هەموویان ڕازیی بێ پارەیەکی چاکیان بدرێتێ .. ئەوەبوو زۆر جار لە عائیشەی دایکی موسڵمانان ئەبیسترا کە نزای بۆ عەبدوڕڕەحمان ئەکرد و ئەیفەرموو :

خوا لە بەهەشتدا لە سەرچاوەی ( سەلسەبیل ) تێر ئاوی بکات ..

بــەڵێ عەبــدورڕەحمان دەوڵەمەنــد بــوو ، بــەڵام ئایــا ئــەم دەوڵەمەندییەی توانیی لای پێ بدا ، یـا سروشـتی بگـۆڕێ؟ نـەءئەمـە ڕەفتاری موسڵمان نیە . ئەوەندە بێفیز بوو خەڵکیی نەیانئەتوانی لـەناو خزمەتکارەکانیدا بی ناسنەوە.

ئەوەبوو ڕۆژێکیان بەڕۆژوو بوو ، خواردنێکیان بۆ هێنا، دوای سـەرنج دانی لێی وتی : موصعەبی کوڕی عومەیر شـەهید کـرا ـ کـە لـە مـن چاکتر بوو ـ ئەوەندە کەفەنـمان دەسـت کـەوت کـە ئەگـەر بماندایـە بـە سەریدا هەردوو پێی دەرئەکەوتن ، و گەر بماندایە بە هەردوو پێیدا سەری دەرئەکەوت .. کەچیی وا ئێستا خوا ژیان و گوزەرانی دنیای بەم شێوەیە بۆ خۆش کردووین کەوا ئەترسم لە جیاتیی پاداشتی کـردەوە چـاکەکانمان بێت .

ئەوەندە گریا و هەنیسکی دا تا خواردنەکەی لەبەر چاو کەوت و دایە دواوە ..

بەم شێوەیە هەر خەریکی بەخشین بوو لە ڕێـی خـوادا هـەتا کۆچـی دوایی کرد و بە سـەربەرزییەوە بـە دیـداری پێغەمبـەری خـوا ﷺ شـاد بوویەوە ، لەگەڵ ئەمەشدا سامانێکی وەها زۆری بەجێ هێشت بۆ کەس و کارەکەی، کە وەختە بوو لە ژمارە نەیەت .. ئـەوەبوو هـەزار وشـتر و صـەد ئەسـپ و سـێ هـەزار سـەر مـەڕی بـەجێ هێشـت .. چـارەکی هەشتیەکی هەر یەکێ لە چوار خێزانەکەی، کـە بـۆی دیـاریی کردبـوون ئەگەیشتە هەشتا هەزار .. ئەوەندە زێڕ و زیوی بەجێ هێشت بۆ کەس و

کارەکەی کەوا بە تەور بەشیان ئەکرد ، هەتا لە کاتی لەت کردندا دەستی پیاوەکان تووشی ئازار بوو ..

ئەمــەش هــەمووی بــە هــۆی دوعاکــەی پێغەمبــەرەوە ﷺ کــە بــۆ سامانەکەی کرد تا خوا فەڕ و پیرۆزیی و بەرەکەتی تێ بخات..

خۆشەویست و بەڕێزم عەبدورڕەحمان ! پێنووسە لاوازەکەم لەمە زیـاتر توانای نیە ژیانی مەردانەت پێشکەش بـە خوشـك و بـرا موسـڵمانەکانم بکات .. بۆیە زۆر شەرمەزارە و لە شەرما ئارەقی خەجاڵەتیی دەرئەدات و وا ئەی کاتــە نووســینی ژیــانی تــۆ و هاوەڵــەکانی تــری پێغەمبــەری خۆشەویست ، چـونکە چـاك ئـەزانێ توانـای نووسـینی ژیـانی مــەرد و قارەمان و پیاوچاکی وەك ئیوەی نیە، بەڵام لــە دامــاویی و بێخـاوەنیی گــەلی کوردایــە وا پــەردەی شــەرم و شــۆ لا ئــەدات و ناچـارە ئـارەق و فرمێسکی شەرمەزاریی و خەفەت بڕژێنێتە سەر لاپەڕەکان .

# ئازیزەکەم

ئازیزەکەم ! تۆی بەڕێز لەم ژیانەدا بە تەمای چییت ، دوای ئەوەی، کە یەکەم خۆشەویستی خوا و تاقە پێشەوای مرۆڤایەتیی مژدەی بەهەشتی پێ داوی ؟!

ئازیزەکەم ! تۆی بەڕێز شانازییت بەس نیە کەوا تەرمەکەت بەسەر شانی خاڵۆی پێغەمبەری خوا ﷺ سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص بگوێزرێتەوە ؟!

یا شانازییت بەس نیە کەوا موسڵمانی خاوەن حەیا و شەرم ، سێهەم خەلیفەی موسڵمانەکان ، ( عوثمانی کوڕی عەففان ) ، نوێژت لەسەر بکات ؟!

یا شانازییت بەس نیە کەوا چوارەم خەلیفەی موسڵمانەکان و پاڵەوانی چاونەترس و خواناسی راستەقینە عەلیی کوڕی ئەبو طالیبیش بتنێژێت و پێت بفەرموێ :

بە راستیی گەیشتیت بە ژیانە بێگەردەکەی ئیسلامدا و پێش لێڵیی و ریخنیی و ساختەگەریی کەوتی ، خوا رەحمت لەگەڵدا بکات ؟!

بەڵێ ئازیزەکەم ! من و هەموو موسڵمانێکیش ئەڵێین :
خوا رەحم بە ئێوەی ئیماندار و ئێمەی تاوانکار بکات .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

# سەرچاوەكان

| كتێب | دانـەر |
| --- | --- |
| ١ - الإستيعاب | إبن عبد البر |
| ٢ - الإصابة | العسـقلاني |
| ٣ - حلية الأولياء | الأصبهـاني |
| ٤ - حياة الصحابة | الكاندهلـوي |
| ٥ - السيرة النبوية | إبن هشـام |
| ٦ - صور من حياة الصحابة | عبدالرحمن الباشا |

# ناوەرۆك

پێشكەش ........................................................ ٦
كەعبەی پارێزراو .................................................. ١٠
مژدەی بەهەشت................................................... ١٤
پەروەردەی ئیسلامیی ............................................. ١٩
بانكی رزگاریی و دڵەتەپەی نەفامان ......................... ٣٢
هەڵمەتی شێرانە ................................................... ٤٥
ئیمانداری گوێڕایەڵ................................................ ٥٠
دەوڵەمەندی خواناس .............................................. ٥٨
ئازیزەكەم........................................................... ٦٧
سەرچاوەكان ................. Error! Bookmark not defined.
ناوەرۆك ............................................................. ٦٩

# عبدالرحمن ی
# کوڕی عەوف

یەکێکە لەو هاوەڵانەی کە زوو بە زوو لە مەککەدا موسڵمان بوو و ، بووە بەردی بناغە بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلام ..

یەکێکە لەو دە هاوەڵەی کە پێغەمبەری خوا مژدەی بەهەشتی پێ داوە ..

یەکێکە لەو شەش موسڵمانەی کە خەلیفە عومەر خوایان لێ رازیی بێ هەڵی بژاردن تا یەکێکیان بکرێتە خەلیفەی موسڵمانان .

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
Mob: +964 750 460 51 22
Tel: +964 750 818 08 66
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com